دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

بۆ خوێندنەوە و داگرتنی سەرجەم کتێبەکانی دەزگای

موکریانی سەردانی ماڵپەڕی دەزگای موکریانی بکە...

www.mukiryani.com

بۆ پەیوەندی..

info@mukiryani.com

MUKIRYANI

ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

# ئادریانای دایك



**ناوی کتێب: ئادریانای دایک**

**نووسەر: ئەمین مەعلوف**

**وەرگێڕ: سۆنیا سدیق**

**دیزاینی بەرگ و ناوەڕۆک: محەمەد قادر**

**ژمارەی سپاردن: ( ١٦٥٥ ) ٢٠٠٨**

**تیراژ: (١٠٠٠)دانە**

ئەمین مەعلوف

# ئادریانای دایك

وەرگێڕان:
سۆنیا سدیق

بە پاڵپشتی ئەم دەقە خاتوو (کایجا سارياهو) ئاوازی ئۆپێرای( ئادریانای دایک)ی دانا، بۆ ئەوەی لەسەر سەکۆی ئۆپێرای (پاستیل) لە ٣٠/مارسی ٢٠٠٦ نمایش بکری، (پیتەر سیلرز) دەرهێنەری شانۆگەرییەکەبوو (ئیزابیکا سالۆنین) سەرپەرشتی میوزیکی لە ئەستۆگرتووە، ئەکتەرەکانیش پاتریسا باردۆن (ئادریانا)، سۆلفیغ کرین غلبۆرن (رفقە)، ستیڤن میلینغ (تیسارگۆ) غۆردن غایتس (یۆناس) دیکۆریست: (جۆرج تسایبن ) جلوبەرگ: مارتن پاکل دیناتز، رووناکی: جیمس ف. ئینگڵڵس هەروەها دەبێ ئاماژە بەوەش بکەین تیپی مۆزیک و کۆرسی گۆرانیبێژی سەر بە ئۆپێرای (پاریس)ـە.

## پێشەکی:

کاتێک ئـــەم کتێبەم دەخوێندەوە بە زمانـــی عەرەبی، لەگەڵ دەســـتپێکی خوێندنەوەم لـــە خەیاڵمدا راســـتەوخۆ دەبوو بە کوردی، چونکە شـــێوازی نووســـینی ئەم دەقە شانۆ ئۆپرالییە فۆرمێکی نوێ بەخۆوە دەگرێت، لە چڕکردنەوەی رووداو و کێشە کۆمەڵایەتی وسیاسییەکان، نووســـەری لوبنانیی ناوداری ئەم کتێبە (د.ئەمین مەعلوف)تەکنێکێکی هونەری زۆر پێشکەوتووی بەکار هێناوە، بە تایبەتی لەڕووی کورت و درێژی دەقی ئەدەبی. ئەم نوســـەرە لێهاتووە زۆر بە کورتی، بـــەڵام لە هەمان کات زۆر بە چڕوپڕی کەش وهەوای براکوژی و پاشماوە و ئەنجامە نامرۆڤایەتێکان لە ریێ وشە مردووەکانەوە زیندوودەکاتەوە، لە روانگـــەی گەیاندنی وێنەی بەهێزی شـــانۆیی بـــۆ خەیاڵدانی خوێنەر.

کاتێک بمانەوێ باس لە کێشـــە کۆمەڵایەتییەکان لە رێگەی دەقێکی هونەری یاخود ئەدەبییەوە بکەین، هەمیشـــە لەســـەر حیســـابی لایەنی هونەری ئـــەو کارە دەیکەین، بـــەڵام ئەمین مەعلوف لـــەم کارە بچکۆڵانـــەی بە قەبـــارە و زۆر گەورە بە نـــاوەڕۆک توانیویەتـــی خۆی لـــەم داوە رزگار بـــکات. بۆیە

زۆر بەسەرکەوتووانە داهێنانێکی شانۆیی - ئۆپێرالی بەرهەمهێناوە.

بە کورتی ئەم کارە لە سێ ڕەهەندی زۆر گرنگەوە (هونەری، ئەدەبی، ئینسانی) بە پوختی پێکهاتووە، ئەوەی زۆر سەیرە و سەرنجی منی راکێشاوە وەک خوینەر، بەر لە هەموو شتێک، کاتێک ئەم دەقە دەخوێندرێتەوە ناتوانی پێشبینی ڕەگەزی نووسەرەکەی بکەی، واتا ناتوانین بڵێین ئەمە نووسەرەکەی پیاوە؟ یاخود ئافرەت! هەرچەندە کارەکتەری یەکەمینی ئەم نووسینە ئافرەتە، بەڵام لە هەمان کاتدا کارەکتەری پیاو لە بەرامبەریدا هەیە.

من لە خوێندنەوەی ئەم کارە، کاتێک ڕۆڵی ئافرەتەکان واتە (ئادریانا و رفقە) شیدەکەمەوە، واهەستدەکەم بە تەواوی ناخ و هەڵوێستی منی (ئافرەت)شیدەکاتەوە، بە تایبەتی ئەو ڕووداوانەی لە بارەی شەڕی ناوخۆ دەدوێن ، بەشێکی گەورەی یادەکانی ژیانی وڵاتی ئێمە لە کوردستان دێنێتەوە یادمان، بە هەمان شێوە کەسایەتی کارەکتەرەکانی پیاو زۆر جار هەست دەکەین باس لە باوک و براو پیاوەکانی نێو کۆمەڵگەی ئێمە بەرجەستە دەکات، لە هەمان کاتدا بە شێوەیەک لە شێوەکانی ژیانی واقیعدا لەگەڵیاندا ئاشنایین، بێگومان ئەمە ئەوە ناگەیەنێ ژیانی من یاخود ئافرەت بە گشتی بە سەرهاتی

ئادرایانای بەســەر هاتبێ، بەڵام بێگومــان زۆربەی ئافرەتان ئازارێکی نزیک لەوەی ئادریانا بەرچاویان کەوتووە، بەڵام بە فۆرمێکی جیاواز، هەروەها هەموو پیاوەکانیش دەقاودەق وەک (تیسارگۆ)ی ستەمکار نین، بەڵکو زۆربەی پیاوانی کۆمەڵگەی ئێمە بە حوکمی واقیعی کۆمەڵایەتی فۆرمی کەسایەتییان نزیکە لەو کارەکتەرە.

ڕەهەندی هەرە گرنگی ئەم کارە لە بارەی شەرف و ناموسەوە دەگەڕێتەوە بۆ شکاندنی یەکێ لە تا بۆ هەرە سەختەکانی هزری رۆژهەڵاتی ،لە رێی نیشـــاندانی ئازاری نـــاوەوە و دەرەوەی ئافرەتێک، دەســـت درێژی سیکســـی لێ دەکرێ و لە ئەنجامدا منداڵێکی بێ باوک دروست دەبێ،لێرەدا لوتکەی نامرۆڤایەتی کۆمەڵگە نیشـــان دەدات، چۆن ئافـــرەت و منداڵێکی بێ گوناه بە تاوانی کەســـێکی دیکەوە مەحکوم دەکرێن، لە چیرۆکی ئەم دەقەدا پێچەوانـــەی واقیع، ئافرەت بەرگری لە مافەکانی خۆی دەکات ، ئەمەش لە کەســـایەتی ئادریانادا بۆمان دەردەکەوێ، کاتێک لـــە بەرامبـــەر هەموو جیهان دەوەســـتێت و بەســـەر بەرزییـــەوە منداڵەکەی خۆی لە ئامێز دەگـــرێ و لە کۆتاییدا ســـەرکەوتن بەدەست دێنی، چونکە ئەو راست بوو،کۆمەڵگەش هەڵە،کاتێک بڕیاردەدات ئەو منداڵەی لە ســـکیدا گەورە دەبێت (کە بە حوکمی دابونەریت نەوەی حەرامە) لە باری خۆی نەبات

و پەروەردەی بــکات، بەم کارە بەرنــگاری هەموو ئەو دابوو نەریتە نا مرۆڤایەتیانە دەبێتەوە و پەیامی خۆی دەگەیێنی و لە کۆتاییشدا سەرشۆری و نەهامەتی بۆ ستەمکاران دەهێڵێتەوە، نەک بۆ قوربانییەکان.

ئەوەی ماوە بیڵیم ئــەم دەقە ئەوەندە پەیڤەکانی بەهێز و پڕ لە مانـــا و هێمان، زۆر جار بەتەنها رســـتەیەکی کاریگەریی رۆمانێکی لەســـەرم هەبووە، بۆیە زۆر بە خێرایی دەستم کرد بە وەرگێرانی، بەو هیوایـــەی بکرێت بە ئۆپێرایەکی کوردی و لەسەر سەکۆی شانۆکانی کوردستان نماییش بکریت.

* لەگەڵ سوپاسی بێپایانم بۆ نووسەر ئازاد محەمەد ئەمین کە ئەم کتێبەی بۆ هێنام بیخوێنمەوە.

**وەرگێڕ**

**سۆنیا سدیق**

# دابەشکردنی رۆڵەکان

ئادریانا–(میتزو ـ سوپرانۆ)
رفقە–خوشکی ئەدریانایە
(سوپرانۆ)
یوناس–کوڕی ئادریانایا
(تینور)
تیسارگۆ–باوکی یوناسە
(باریتونێکی نزم)

زەمان لە شارێکدا دەگوزەرێ، کە جەنگی تێدا هەڵگیرساوە.

**دیمەنی یەکەم**–ئێمە لە جەنگی شەڕی چەکداری داین. ئافرەتێکی گەنج بە ناوی ئادریانا لەبەر دەرگا پاڵی بە دیواری ماڵەکەیدا داوە، لەبەر خۆیەوە ســترانێکی کۆنی پڕ سۆز دەڵێتەوە.لەو کاتەی دەیەوێ بچێتەوە ژوورەوە، گەنجێکی مەســت بە ناوی

تیسارگۆ ڕێی پێدەگرێ. بە هانکە هانک هەوڵدەدات ئافرەتەکە ڕابکێشـــێتە ناو هەڤپەیڤینێک، وەبیریشـــی دێنێتەوە کە چۆن ســـاڵی ڕابردوو پێکەوە جارێک ســـەمایان کردووە، ئافرەتەکە توووند لێی گرژ دەبێ، کوڕەش بە سەرشـــۆڕییەوە دەڕوات، لە دەوروبەری ماڵی ئافرەتەکە پاڵدەکەوێت،تاوەکو بوتڵەکەی فڕ بکات، ڕفقە گلەیی لە خوشـــکەکەی خـــۆی (ئادریانا) دەکات، چونکە ئەو بە دزییەوە گویـــێ ڕاگرتبوو و چاودێری ڕەفتاری خوشـــکەکەی دەکرد.لەگەڵ هاتنی شـــەودا،خەونێک لەســـەر سەکۆی شانـۆ نیشاندەدرێ،بێ ئەوەی بینەر بزانێ کێ دەیبینێ! ئایا ئادریانایە؟ یان تیســـارگۆیە؟ یاخود هی ڕفقەیە؟یان هی هەرسێکیانن..لە خەونەکەدا، تیسارگۆ بە جۆرێک نیشاندەدرێت وەک بڵێی خۆی بۆ ڕۆیشتنە ئاهەنگی سەماکردن لەگەڵ ئادریانا ئامـــادە بکات، ئیدی کاتێک قۆڵ لە قۆڵـــی یەکدی دەنێن،لەو کاتەدا کوڕەکە دەبێتە بوتڵێکی شووشـــە لە دەستی ئادریانادا ، ئیـــدی لە پڕ دەپەڕێ و وردوخاش دەبێت، قاقای پێکەنین لە ئافرەتەکە بەرز دەبێتەوە، لە هەمان کات بەڕاستی پێدەکەنی، تیســـارگۆ لە دەنگی پێکەنینەکە و شکاندنی شووشەکە بە ئاگا دێتەوە، هەســـت بە سوکایەتی دەکات،وەک نەفرەت لێکراوێک بەدەم هەڕەشەوە دووردەکەوێتەوە.

**دیمەنـــی دووەم – تەپڵی جەنـــگ لێیدەدرێ،دەڵێی زایەڵەی**

قینی تیسـارگۆیە لەگەڵ هەڕەشـەکانیدا، ئەمجارە گەنجەکە بـە جل و بەرگی جەنـگاوەرەوە دەگەڕێتەوە و چەک لە گۆلمە لە دەرگای ماڵی ئادریانا دەدات، ئەویش وەک جاری پێشـوو بەتوندی بەرەنگاری دەبێتـەوە، بەبێ ئەوەی تۆزقاڵێک گوێ بداتـە بەهانەکانی ، یاخـود ئەو چەکەی بە شـانییەوەیە، ئەو وا نیشـان دەدات کەوا پێویسـتی بەوەیە بچێتە سەربانی ماڵەکەیان، بۆ ئەوەی جموجۆڵی ئەو دوژمنانە چاودێری بکات کە وردە وردە نیزک دەبنەوە، سەرەنجام بە تۆبزی دەچێتە ناو ماڵەکەی، لێرەدا بینەر تێدەگات کیژۆڵەکە تووشی پەلاماردانی سێکسی دەبێ.

**دیمەنی سێیەم** – ئادریانا دووگیانە، لەپەیڤینێکدا خوشکەکەی دەست بە گلەیی دەکات، چونکە بڕیاریداوە منداڵەکەی لەبەرخۆ نەچوێنێ.لە نێو ئەم دیمەنەدا،رفقە خەونێکی شەوی رابردووی خۆی بۆ خوشکەکەی دەگێڕێتەوە، کە تێیدا هەموو ئەو هەست ونەستانەی سەبارەت بەو منداڵەی لە ئایندەدا لە دایک دەبێت بەدەر دەکەوێت : هەستەکانیشـی لەگەڵ ئەوانەی هەستەکانی ئادریانادا یەکیان دەگرتەوە، کە دەیپرسی ئاخۆ کۆڕەکەی دوای لەدایکبوونی،دەبێتە قابیل یان هابیل؟

(پەردە دادەخرێت)

**دیمەنـــی چوارەم – حەڤدە ســـاڵ تێپەڕیوە،** یوناســـی کوڕی ئادریانا، لـــە چەند کەســـێکی نادیارەوە دەزانـــێ باوکی ئەو پاڵەوانـــە جوانەمەرگە نییە کەوا لە پێناوی پاراســـتنی ژیانی خێزانەکەی خۆی گیانی بەخشـــیبێ، وەک هەمیشە دایکی وای بـــۆ دەگێڕایـــەوە، تووڕەیی و غەزەب لە روخســـاری یۆناس هەڵدەقوڵا، دایکی بەرگری لە خۆی دەکرد، چونکە چاوەڕوانی ئـــەوە بوو کوڕەکەی بگاتە تەمەنێک لـــە توانایدابێت بەرگەی ئەم راستییە بگرێ، ئەوجا ڕاستییەکەی تێگەیەنێت. ئەم قسانە قینی یۆناســـی دانەمرکاند و لە تووڕەییەکەی کەم نەکردەوە، تووڕەیی لە کەســـوکاری خۆی، پێش هەمووشـــیان لەو باوکە پەلاماردەرەی تووڕەبوو، کە لە ژیانیدا نەیدیوە و ســـوێندیش دەخوات بیکوژێ. ئادریانـــاش هیچ هەوڵ نادات کوڕەکەی لەو بڕیارەی داویەتی ئارام و پەشیمان بکاتەوە. کۆتایی ئەم دیمەنە بەخەونێک دێت، یۆناس لەسەر ســـەکۆی شانۆ بە تورەییەوە دەردەکەوێ و هاوار دەکات و دەیەوێت ئاگر لە هەموو خێزانەکەی بەربدات، بۆیە لە تیسارگۆوە دەست پێدەکات، پاشان ئادریانا و رفقە، پاشان لوولەی تفەنگەکەی ئاڕاستەی خۆی دەکات.

**دیمەنی پێنجەم ـ** رفقە بە دوای ئادریانادا دەگەرێ تا هەواڵێکی پەلەی بداتـــێ کە تازە پێی گەیشـــتووە، بەڕێکەوت چاوی بە یۆناس دەکـــەوێ، گلەیی لێ دەکات، چونکە ئەویش لە بارەی

باوکییەوە لەگەڵیدا راســتگۆ نەبــووە، ئادریانا دەگاتە جێ و بە حزووری یۆناس رفقەی خوشــکی پێی رادەگەیێنێ تیسارگۆ گەڕاوەتەوە وڵات، کوڕە نەوجوانەکەیشــی دەڵێ: دەڕۆم باوکم دەکوژم، رفقە دەیەوێ دوایکەوێت، کەچی ئادریانا لە شــوێنی خۆی جوڵە ناکات، ســێ جاریش لەبەرخۆیەوە ئەم قســەیە دووبــارە دەکاتەوە: " گەر پێویســت بێ بیکــوژێ، ئەوە هەر دەیکوژێت!".

**دیمەنی شەشــەم –** یۆناس بۆ دیتنەوەی باوکی دەگەڕێ،بە گەشتنی بە تیسارگۆ لێیدەپرسێ: تۆ ناوت تیسارگۆیە؟ پاشان دەست دەکات بە گلەیی و گازاندەکردن. بە درێژایی ئەم گفتوگۆیە باوکەکە پشــتی لێیەتــی و ئاوڕ لە کوڕەکــەی ناداتەوە، بێ ئەوەی هانا بۆ هیچ فرت و فێلیکش بەرێت، خۆی پێناســاند و دانی نا بە هەموو ئەو بەدکارییانەی کردبوونی،لەگەڵ ئەوەی هیچ پەشیمانییەکی دەرنەدەبڕی، بەڵام لە هەمان کات شانازی بە ڕابردووە بەدەکەی نەدەکرد، پاشــان یۆناس پێی رادەگەیێنێ بە مەبەســتی کوشــتنی هاتووە، بەڵام نایــەوێ بە نامەردی لە پشــتەوەڕا بێکوژێ، بۆیە داوای لێــدەکات رووی تێبکات، تیسارگۆ بە ئەسپایی ئاوڕی لێدەداتەوە، لەم ساتەدا بینەریش بۆی دەردەکەوێ نابینایە، کوڕە دەپەشۆکێ و ناتوانێ باوکێکی نابینا بکوژێ! ئیدی بێ ئــەوەی کارەکەی بە ئەنجام بگەیێنێت

**هەڵدێ.**

**دیمەنی حەوتەم ـ هەر چوار کەسایەتییەکان لەسەر سەکۆی شانۆ کۆدەبنەوە، بەڵام هەر یەکەو ڕێچکەیەکی تایبەت بەخۆی وەردەگرێت،هەمووشـــیان پەشۆکاون و پەشـــیمانی و دوودلێ دەیانخواتەوە،تەنها یۆناس و ئادریانا ســـەر لە نوێ چاویان بەیـــەک دەکەوێت. کوڕەکە داوا لە دایکی دەکات لیێ ببوورێت، چونکە نەیتوانی تۆڵەی بۆ بسێنێتەوە. ئادریانا زۆر بە هێمنی لێیدەپرسێ: چی بوو؟ پاشان ئادریانا بەڕاشکاوی دانی بەوەنا، بەر لە دایکبوونی شـــەو و رۆژ پرسیاری لەخۆی دەکرد، ئاخۆ ئەم منداڵە چی بەســـەر دێت،ئایا وەک باوکی بکوژ دەردەچێ؟ وەلێ لە کۆتاییدا وەڵامی ئەم پرسیارەی دەست کەوت . چونکە بـــۆی دەرکەوت یۆناس کوڕی خۆیەتی و لە گۆشـــت و خوێنی خۆیەتی، نەک کوڕی ئەو پیـــاوە دڕندەیە، ئاوڕ لە کوڕەکەی دەداتەوە و پێی دەڵی"تۆڵەی خۆمان نەسەندەوە، بەڵام رزگارمان بوو".لە ئێستاوە دەکرێ دەرگاکانی دۆزەخ دابخرێن.**

# دیمەنی یەکەم

بەر لە رۆژئاوا، لە گەڕەکێکی میللی، پێش ئەوەی جەنگ دەست پێبکات، لەو درەنگانەدا ئافرەتێک بە ناوی ئادریانا پاڵی داوەتەوەتە دیواری ماڵەکەی و لەبەر خۆیەوە بە نەرمی گۆرانییەکی کۆنی پڕ لە ناز و عیشوە دەژەنێ.

**ئادریانا:**

**کاتێک شار چاوەکانی دادەخات،**
**من دەنگ هەڵدەبڕم.**
**دەنگێک کەوا لە**
**باخچەیەکی پایزیدا چنیومە،**
**پاشان هەڵمدایە توێی لاپەڕەکانی کتێبێک؛**
**ئەو دەنگەم کە لە چیاوە هێنابووم**
**لە نێو سەرینە رەنگ گۆگردیەکانمدا*؛**
**ئەو دەنگەم کەوا لە نێو سینگمدا،**
**لە نێو کونجی دڵمدا شاردبوومەوە.**
**کاتێک شار چاوەکانی دادەخات،**
**من دڵی خۆم دەکەمەوە.**
**ئەو دڵەی من**

* **گۆگردییەکانی : مەبەستی ڕەنگی زەردی لێ نیشتبوو**

لەباغچەیەکی پایزیدا چنیومە،
پاشان هەڵمدایە تویی لاپەڕەکانی کتێبێک:
ئەو دڵەم کە لە چیایە هێنابووم
لە نێو سەرینەکانم
کاتێک رەنگی بەردی لێنیشتبوو،
ئەو دڵەی من
لە ژێر توێژاڵی پێستمدا
لە نێو سینگمدا شاردبوومەوە.

(گەنجێک بەناوی تیسارگۆ مەستانە لارەلاری دەکرد، لە بەر دەرگای ئافرەتێک رادەوەستێ. بتڵێکی عارەقی بە دەستەوەیە، وەک بڵێی رێی لە هاتنە ژوورەوەی ئافرەتەکە گرتبێ و بۆ ماڵەکەی خۆی. لەدوور ڕا رفقەی خوشکی ئادریانا تەماشای دەکردن بەبێ ئەوەی ئاگایان لێبێت)

**ئادریانا:**

کاتێک شار چاوی دادەخات،
من روخسارم ئاشکرا دەکەم.
ئەو روخسارەی لە باغی پایزان رفاندوومە.

**پاشان هەڵمدایە....**

**(کاتێک ئادریانا هەست بە هاتنی کوڕەکە دەکات، گۆرانییەکەی کورت دەکاتەوە و هەنگاوێک بەرەو دەرگایماڵەکەی دەکشێتەوە).**

**تیسارگۆ:**

**(ڕێی پێدەگرێ)**

**نامدوێنی!**
**ئادریانا نامناسیتەوە!**

**ئادریانا:**

**(بێتاقەتی و نەفرەتی خۆی ناشارێتەوە)**

**بەڵێ تیسارگۆ..ناسیتمەوە،**
**بۆیە**
**ناتدوێنم!**
**لەسەر ڕێگام دوورکەوە!**
**بڕۆ و لەجێیەکی دیکەدا خۆت سەرخۆش بکە!**

**تیسارگۆ:**
**من سەرخۆش نیم!**

**ئادریانا:**

**(زیاتر نەفرەتی لێدەکات)**

**نا نا، راستە تۆ زۆر هۆشیاری،**
**هەموو کەس شاهێدی ئەوەن..**

**تیسارگۆ:**

**(زۆر بـــە زەحمـــەت پێی لەســـەر زەوی گیردەبێ)**

**من سەرخۆش نیم!**

**ئادریانا:**

**نا نا، بتڵەکەت سەرخۆشە،**
**بتڵەکەتە بەم لاولادا تل دەخواتەوە!**
**ئەرێ هەڵیناگریت و لێرە دووریخەیتەوە؟**

**تیسارگۆ:**

**ئادریانا، من هاتووم لەگەڵ تۆدا قسان بکەم،**
**گوێم بدەیێ!**

**ئادریانا:**

**هەچ کاتێک بەئاگا هاتیتەوە**
**وەرە لەگەڵم بدوێ**

**تیسارگۆ:**

**ئادریانا، گەر سەرخۆشێکی دەوڵەمەندبام،**
**بەباشی گوێت بۆ شل دەکردم**
**گەر سەرخۆشێکی دەسەڵاتداربام،**
**رەنگە فەرمووت لێبکردبام و**
**ئێستاکەش لەگەڵتا**
**لە سەر تەختێک لولمان دەخوارد.**

**ئادریانا:**

**من هیچ پێویستیم بە پیاوێکی**
**دەوڵەمەند و بەهێز نییە**
**بۆ ئەوەی ژیانی ئەوینی لەگەڵدا دابەش بکەم،**
**پێویست ناکات بەهێز و ساماندار بیت.**
**تەنانەت تۆش تیسارگۆ**
**رەنگە رۆژگارێک لەماڵەکەمدا پێشوازیت لێبکەم،**
**ئەگەر دیتم بە هەنگاوی پتەوانە رێ دەکەی و**
**باوەڕت بەخۆت بەهێزتربووە...**

**(کاتێ ئادریانا ئەم قسانەی بۆ دەکرد، لاسایی رۆیشتنەکەشی دەکردەوە، تیسارگۆ خەریکبوو باوەڕی پێدەکرد).**

**ئادریانا:**

**ئەو کات رێم پێدەگری،**

منیش پەرچت نادەمەوە .
ئەوکات ئەو قسانەم بۆ دەچرپێنی
کەوا لە ئەزەلەوە چاوەرێیانم
ئەوانەی چاوەڕێشیان ناکەم.
ئەوسا دەنگی پیاوانەت وەک شنەیەکی ئاشنا ،
بە نێو قژم دەڕوات ،
تیسارگۆ.. ئا لەو رۆژەدا ،
ئەگەر هەژاریش بیت
زوو دەرگات بۆ والا دەکەم
لەو رۆژەدا ، مافت دەدەمێ
لەسەر یەک تەخت ئاوێزانم بی

(ساتێک تێدەپەرێ).

بەلام تۆ قەت چاوت بەو رۆژە ناکەوێ!

(تیسارگۆ ئەم وشانەی وەک شەقازلەیەک پێکەوت. دەڕوات و لە شوێنێکی دوور دادەنیشێ بۆ ئەوەی بتلە مەیەکەی بخواتەوە. ئادریانا بەرەو مالەکەی دەڕوات و دەچێت بۆ لای خۆشکەکەی کەوا بە ئاگابوو لە هەموو پەیڤینەکە).

**رفقە:**

بۆچی لەگەڵ لاتێکی سەرخۆش

بەم شێوەیە دەدوێی؟

**ئادریانا:**

ئەی چۆنت پێ باش بوو؟
لێی بپاڕێمەوە، خۆمی بۆ داگرم،
ئەوجا خێرم پێبکات و ڕێگەم بەردا و
وازم لێبێنێ؟

**رفقە:**

نا، ئادریانا، من تەنیا حەزم دەکرد
هەندێ مەودا لە نێوانتاندا بمێنێ...

**ئادریانا:**

(بە بزەیەکەوە)

مەودا!

**رفقە** : (بەردەوام دەبێت):

دەبوا زۆر کەم بیدوێنی،
ناویشی بە سەر زارتا نەیەت،
گۆتە گۆتی لەگەڵ نەکەیت.

**ئادریانا:**

بەکورتی،

حەزت لێبوو لاڵبم؟
پەلامارم بدات و من وەڵامی نەدەمەوە!
ڕێگام پێبگرێ!
منیش پێی نەڵێم " ون بە لە بەرچاوم! ".

**رفقە:**

ئادریانا حەزم دەکرد
ریسوات کردبا،
ریسواکردن، تەنیا ریسواکردن و
هیچی دی.

**ئادریانا:**

لەوە پتر چی پێ بکەم؟
ئەی نەتدی چۆن بە سەری شۆرەوە
ملی شکان و ڕۆشت؟

**رفقە:**

تۆ لە من نەگەیشتی ئادریانا.
حەزم دەکرد..
حاڵی نەبێ تۆ ناوی ئەو دەزانی!
حەزم دەکرد..

**بەگومانی بکەیت**
**لەوەی تۆ گوێت لە دەنگی بووە**
**یاخود روخساری لە نێو**
**چاوەکانی تۆدا ،رەنگی دابێتەوە.**
**حەزم دەکرد ئەو لە پەنای**
**ئەم خانووەدا..**
**هەستی کردبا جیاوازی نییە**
**لەگەڵ بەڕ و پاڵی رزیو و پیس و**
**سایەی سێبەری رۆحێکی مردوو.**
**ئەمەیە ریسوا کردن .**

**ئادریانا:**

**نا رفقە، ئەوەی تۆ دەیڵێی**
**رسواکردن نییە**
**ئەوە ترسێکی بە ماسکە،**
**ئەو ترسەیە لە زەمەنی حەواوە**
**تاکو ئێستا ئافرەتی پێ چەواشە دەکرێ و**
**لە قاڵب دەدرێ،**
**" تەماشای نەکردی، گوێت لێی نەگرد،**
**هیچی پێ نەگووتی؟**
**چاوت داگرە کچم**

**لە ناخیشتەوە نەفرەتی لێ بکە!".**
**من نامەوێ لاڵبم،**
**نامەوێ سەر شۆڕ بم،**
**پێش ئەوەی هەر کەسێ بریندارم بکات**
**من پێشووتر بریندار دەکەم.**
**بۆیە دەمەوێ پڕ سییەکانم**
**نەفرەتی لێ بکەم!**

**رفقە:**

**ئادریانا مرۆڤ دوپشک بریندار ناکات**
**بەڵکو بە پاژنەی پێی دەیفلیقێنێ؟**
**یا لێی دەگەڕێ بە رێی خۆیدا هەڵزنێ،**
**وەک بڵێی چاوی پێنەکەوتبێ.**

**ئادریانا:**

**تیسارگۆ، ئەو گیاندارە ژەهراویە نییە**
**تەنیا گەنجێکی قەلەندەرە.**
**ساڵی پێشوو لە ئاهنگێکدا سەمامان کرد،**
**وەک منداڵی ساوا شەرمن بوو.**

**رفقە:**

ئەوەتانێ هەستی تۆی بۆ خۆی راکێشاوە !

**ئادریانا:**

نا نا، ئەوە قەت هەست راکێشان نەبووە،

رفقە.. ئەوە تەنیا یەک تۆز بەزەیی بوو،

خۆ لەسەر تۆزقاڵێک بەزەیی لۆمەم ناکەی!

**رفقە:**

خۆزیا ئەو سەمایەت لەگەڵدا نەکردبا!

**ئادریانا:**

ئەو سەمایە! سەمایەکی هەتیو بوو!

**رفقە:**

سەمایەکی سەرەڕۆیانە بوو!

هەر ئەو سەمایە وایکرد

بەدەورتدا بخولێتەوە.

**ئادریانا:**

تۆ سەیری بکە، ها لەوێیە،

هەر بەسەر دیوارەوە نەوز دەیباتەوە!

مەستە و لارەلار ئەکات،
تەماشا! ناتوانێ بگەڕێتەوە ماڵی خۆیشی!

**رفقه:**
بەسێتی، هەر تەماشاشی مەکە،
دەنگیشت داگرە!
وەختەکە زۆر درەنگە!

(رووناکی ماڵەکە دەکوژێتەوە وهەردوو خوشکەش دەخەون، بە خێرایی لە سەر سەکۆیی شانۆ شتێک دەردەکەوێ هەر بە خەون دەچێ، بینەر نازانێ ئایا ئەم خەونەی نماییش دەکرێ، هی کێیە، رەنگە خەونی هەر سێ ئەکتەری کارەکە بێت لە یەک کاتدا، تیسارگۆ بە جل و بەرگێکی پاک و خاوێن لە دەرگا دەدات، بۆ ئەوەی ئادریانا لەگەڵ خۆی بەرێت بۆ ئاهەنگی سەماکردن، ئادریانا دێتە دەرەوە بۆ ئەوەی لەگەڵی بڕوات، کاتێک قۆڵی دەخاتە بن باخەڵی، بتڵێک لە بن باخڵیا دەدۆزێتەوە، وەک بڵێی دەستی گەنجەکە یاخود هەموو لەشی بووبێت بە

شووشـــە. قاقا پێدەکەنێ ئیدی بتڵەکە لە دەستی بەردەبێتەوە و ورد و خاش دەبێ. ئادریانا خەونـــی لێدەڕەوێتەوەو دێتەوە ناو واقیع. تیسارگۆ خەبەری دەبێتەوە، وەک بڵێیێ هەمان خەونـــی دیتبێ، بۆیە هەڵدێ وەک نەفرەت لێکراوێک هەڕەشە دەکات و ئینجا هەڵدێت.

لەو کاتەی بینـــەر ئەم ڕووداوانە دەبینێ لە نمایشەکانی سەر ســـەکۆی شانۆدا، چەند دەنگێک ئەو ڕووداوانە دەگێڕنەوە. دەنگەگان دەچنە نێـــو یەک دی و ئاوێتە دەبن، کۆڕســـەکان هـــەر لەوێن، کەچی دەنگی تیسارگۆ یان رفقە و ئادریانا ناوە ناوە دەبیسترێ).

**دەنگی رفقە:**

**کاتێک شار چاوی دادەخات،**
**خەونەکانمان بەئاگادێنەوە.**
**جیهانێک جیهانێکی دیکە دەردەکات،**
**جیهانێک.. میراتگری جیهانێکی دیکە دەبێت،**
**دەنگە دەنگ و ڕووناکییەکانی**

قەدەغە دەکرێن..
کاتێک شار چاوەکانی دادەخات،
لە نێو سەرینە رەنگ بەردینەکانم
پێستی خۆم ئاشکرا دەکەم ...

**کۆڕس: (الجوقة)**
کاتێک شار چاوەکانی دادەخات،
جیهانێک میراتگری جیهانێکی دیکە دەبێت،
دەنگە دەنگ و
رووناکی و
درۆکانی
قەدەغە دەکرێن..

**دەنگی رفقە:**
لە خەوندا،
تیسارگۆ و ئادریانا دڵداری دەکەن..
لەخەوندا...
**بەشی یەکەمی کۆڕسەکە:**
لە خەوندا،
ئادریانا چاوەڕوانی دەکرد.

**بەشی دوووومی کۆڕسەکە:**

ئادریانا چاوەڕوانی بوو،

زۆریان پێچوو تاکو هەردووکیان ئامادەبوون...

**بەشی یەکەمی کۆڕسەکە:**

زۆریان پێچوو تاکو هەردووکیان ئامادەبوون...

**بەشی دووەمی کۆڕسەکە:**

زۆری پێچوو تا رازانەوەی

هەر یەک لەوان کۆتایی هات..

**دەنگی رفقە:**

لە خەوندا، دەرگا کرایەوە

ئادریانا قولّی کردە قۆڵی.

**بەشی یەکەمی کۆڕسەکە:**

لەو کاتەدا، قۆڵی...

**بەشی دووەمی کۆڕسەکە:**

قۆڵی تیسارگۆ...

**بەشی یەکەمی کۆڕسەکە:**

بووە شووشەیەکی سارد و سڕ...

**دەنگی رفقە:**

لەو خەونەدا، ئادریانا...

**بەشی دووەمی کۆڕسەکە:**

ئادریانا بەریەهەڵدا...

**بەشی یەکەمی کۆڕسەکە:**

شووشەکەی بەردا،

لێیگەڕا لەسەر زەویدا وردو خاش بێ...

**دەنگی رفقە:**

پارچەکانی پەرت بوون

دڵۆپە سوورەکانیش بەدەوریدا...

**بەشی دووەمی کۆڕسەکە:**

لێیگەڕا وردوخاش بێت.

**دەنگی تیسارگۆ:**

ئادریانا پێدەکەنی.

**دەنگی ئادریانا:**

تیسارگۆ دەگریا.

**دەنگی تیسارگۆ:**

ئەدریانا پێدەکەنی!

**کۆڕس:**

ئادریانا پێدەکەنی!

**دەنگی تیسارگۆ:**

خوشکەکەشی پێدەکەنی.

گەردوون هەمووی پێدەکەنی...

**کۆڕس:**

پێدەکەنی و پێدەکەنی...

**دەنگی تیسارگۆ:**

ئادریانا پێدەکەنی.

**دەنگی رفقە:**

لەپڕ، خەون رەوییەوە،
لەسەر لێواری سپێدەیەک
شەو جەستەی خەونە خاوەکانی دەخواردەوە
وەک دەریاوانێکی گومبوو لە نێوەندی دەریادا.

**دەنگی ئادریانا:**

ئیدی تیسارگۆ دوورکەوتەوە...

**دەنگی رفقە:**

بەرەو قووڵایی تاریکی ڕایکرد...

**دەنگی ئادریانا:**

بەرەو قوڵایی تاریکی...
وەک فریشتەیەکی نەفرەت لێکراو.

**دەنگی رفقە:**

فرشتەیەکی نەفرەت لێکراو...

**کۆڕس:**

نەفرەت لێکراو،
نەفرەت لێکراو،
نەفرەت لێکراو.

# دیمەنی دووەم

هەمان گەرەگ، لە کاتی جەنگدا.
ئادریـانا لــە ماڵی خۆیەتی.تیســارگۆ
بە هەنگاوی پتــەوەوە بەرەو لای دێت،
ئەمجارەیــان گەنجــە داماوەکەی جاران
نەبوو، بڕوایەکی سەیری بە خۆی پەیدا
کردبوو، وادیار بوو چەکی هەڵگرتبوو،
ببووە فەرمانــدەی ناوچەکەیان، چەند
پیاوێکیش لە ژێــر فەرمانی ئەودا بوون
. پەڕۆیەکی لە قۆڵی خــۆی ئاڵاندبوو،
یەکێکی دیکەشی بەســەرییەوە بەستبوو
لە دەرگای دەدا.

**تیسارگۆ:**

**ئادریانا ! بیکەوە!**

**دەی! بۆمی بکەوە!**

**ئادریانا:**

**(بـــە نیگەرانییەوە لە کەلێنـــی دەرگاوە تەماشا دەکات)**

**ئەوە تۆ برییندارى؟**

**تیسارگۆ:**

**چیتداوە لە برینی من؟**

**من بۆ ئەوە نەهاتووم..**

**ئەوان بەرەو گەڕەکی ئێمە دێنەپێشەوە!**

**دەبێ بچمە سەربان بۆ ئەوەی**

**چاودێری رێگا و بانەکان بکەم.**

**لێمگەڕێ رەتبم!**

**ئادریانا:**

**(دەرگا ناکاتەوە و بە جستەی خۆی رێی لێدەگرێ .**

**تیسارگۆ.. بۆچی دەتەوێ**

**لە ماڵی منەوە چاودێری ڕێگاوبان بکەی؟**
**خۆ زۆربەی خانووەکانی دیکە لە**
**خانووەکەی من بەرزترن!**

**تیسارگۆ:**
**ئەگەر هەموو کەس وەڵامی وەک تۆم بداتەوە،**
**ئەوە ئەوانی دی گەڕەکەکانمان داگیری دەکەن،**
**بە ژن و پیاوەوە سەرمان دەبڕن،**
**وەک زەمانی باو و باپیرمان لێدەکەن.**
**ئەوان چەکەکانیان سوار دەکەن،**
**تێنوی تۆڵەن.**
**ئەوەتانی خۆیان ئامادەکردووە،**
**ئەوەتانێ بۆمان دێنە پێشەوە!**
**ئەوە هاتنە پێشەوە! ئەوە نزیکبوونەوە!**

**ئادریانا:**
**تیسارگۆ هەوڵی ترساندنی من مەدە!**
**تیسارگۆ:**
**ئەم شەو بڕۆ سەربان و**
**هەناسەت ڕابگرە!**

**ئەوجا گوێت**
**لە هاژە هاژیان دەبێت!**

**ئادریانا:**
**بەوە ناتوانی بمترسێنی!**
**ناتوانـــی بێیتە ناو ماڵەکـەم!**

**تیسارگۆ:**
**گەر گەیشتن،**
**لە ڕەچەڵەکی باوکانمانەوە،**
**هەر هەمووومان سەر دەبڕن**
**ئادریانا.. هەر هەمووومان، هەر هەمووومان،**
**ئەوەشی ڕزگاری دەبێ،**
**دەبێ ملکەچی یاساکانیان بێت،**
**جل و بەرگی ئەوان لەبەر بکات،**
**بە زمانی ئەوان بدوێ،**
**لە خواردنی ئەوانیش بخوات و**
**بۆنی ئەوانیش بکات.**
**ئادریانا:**
**تیسارگۆ**

**ناتوانی بمترسێنی!**

**تیسارگۆ:**

**گەر دەرگام بۆ نەکەیتەوە،**
**ئەوە بەم زووانە دەرگا بۆ ئەوان دەکەیتەوە!**

**ئادریانا:**

**دەرگای من نە بۆ تۆ**
**نە بۆ غەیرە تۆ دەکرێتەوە!**
**هەمووتان ون بن بەرەو دۆزەخ!**
**بەڵێ بۆ دۆزەخ،**
**لەگەڵ چەتە و ڕێگرەکانتان،**
**لەگەڵ بۆگەنی ئارەقەتان!**
**بڕۆن لە ماڵی من دووركەونەوە**
**بانگەشەی جەنگ لە دەرەوەی**
**ماڵی من بکەن!**
**چونکە جەنگ، سەر بەم ماڵەدا ناکات،**
**تێدەگەی؟**

**تیسارگۆ:**

**(بە فشەوە لاسایی دەکات)**

**جەنگ سەر بەم**

**ماڵەدا ناکات، ها؟!**

**ئادریانا:**

**(لەهەمان کاتدا ئادریانا قســەکەی خۆی دەڵێتەوە)**

**جەنگ پێ نانێتە،**
**نێو ئەم ماڵە!**

**تیسارگۆ:**

**گەر هاتوو جەنگ لە دەرگای تۆی دا،**
**پێتوایە دەتوانی دەرگای بەسەردا دابخەی؟**
**جەنگ وەک تەپ و تۆز وایە**
**کاتێ بڵاودەبێتەوە**
**هەموو کون و کەلەبەرێک دادەپۆشێ،**
**بەڵێ.. ئەوکات جەنگ هەڵدەمژی و**
**وەک گیایێکی سەرخۆش نەفرەت دەکەی**
**بەخێرایش لەسەری ڕادێت**
**قەتیش ناتوانی دەستبەرداری بیت.**
**ئادریانا.. دوو ڕێگات لە پێشە هەڵیبژێریت،**
**ئەوان.. یان ئێمە!**
**ئینجا بۆ کێ دەرگاکەت دەکەیەوە؟**

بۆ ئەوان! کەوا سەرت دەبڕن؟
یاخود بۆ ئێمەی دۆست و برات؟
ئێمەی ئەو کەسانەی
خوێنمان تێکەڵی خوێنتە!
ئێمەی ئەو کەسانەی
هاتووین بۆ بەرگری کردن لە تۆ؟
ئەمە جەنگە ئادریانا،
کاتی پەشیمانیش
بە سەرچوو!
دەرگام بۆ بکەرەوە، دەرگام بۆ بکەرەوە،
دەی خێراکە!

**ئادریانا:**

تیسارگۆ دەبێ بزانیت
تۆ یان ئەوان
هەمووتان لە یەک قوڕ دروستکراون،
هەمووتان مرۆڤ کوژن،
هەمووتان لات و پووتن!

**تیسارگۆ:**

تۆ ڕاست دەکەی ئادریانا
من لات و پووتم،

**من لە نەوازەکانم،**
**من مرۆڤ کوژم.**
**لە کاتی جەنگدا گەلان پێویستیان**
**بە کەسانی لات و پووتی وەک من هەیە،**
**پێویستیان بە پیاوکوژ و چەتەکانیان هەیە،**
**پێویستیان بە کەسانێک هەیە**
**ئامادەبن دەستیان پیس بکەن بۆ ئەوەی**
**دەستەکانی تۆ بە پاکی بمێننەوە.**

**ئادریانا:**

**رەنگە، گەلەکەمان پێویستی بەوەبێ؟**
**بەڵام من پێویستم پێی نییە!**
**لە ماڵەکەی خۆمدا!**
**پێویستم بە هیچ مرۆڤ کوژێک نییە!**
**لە ماڵی خۆمدا پێویستم بە هیچ لات و پووتێک**
**یاخود سەرخۆشێک نییە!**

**تیسارگۆ:**

**تەماشام بکە ئادریانا!**
**ئەم جارەیان من سەرخۆش نیم!**

**ئادریانا:**

**ئەمجارەیان بتڵەکەت گۆڕیوەتەوە**

**بە چەکێ،**

**تۆ بە بۆنی خوێن و بارود**

**سەرمەست دەبیت!**

**هەوڵ مەدە منیش لەگەڵ خۆت سەرخۆش بکەیت!**

**تیسارگۆ.. هەوڵ نەدەی بمترسێنی!**

**(دەرگاکە پاڵدەنێ و کەلێنەکەی بچووکتر دەکاتـــەوە، بـــێ ئـــەوەی بەیەکجاری دایخات).**

**تیسارگۆ:**

**بێ قسەکردن،**

**ڕێم لێ مەگرە**

**ئەگینا..**

**ئادریانا:**

**ئەگینا چی تیسارگۆ؟ هەڕەشەم لێدەکەی؟**

**دەتەوێ زگم بدڕی و،**

**سەرم ببڕی و**

**ماڵم وێرانکەی،**

**نەکا ئەوان ئەم شتانەم بەسەر بێنن؟**

**تیسارگۆ:**

**نا ئادریانا من هیچ خراپەیەکم بۆ تۆ ناوێ**
**تەنانەت دەمەوێ بەرگریت لێبکەم.**
**تەنیا دەمەوێ دڵنیابم لەوەی ئەوان**
**نزیکی گەڕەکی ئێمە نابن!**
**لێمگەڕی تێپەڕم،**

**ئادریانا:**

**نا!**

**تیسارگۆ:**

**دێمە ژوورەوە!**

**ئادریانا:**

**نا!**

**تیسارگۆ:**

**دەبێ سەرکەوم!**
**دوورکەوە!**

**ئادریانا:**

**نا!**
**نا! نا! نا!**

**تیسارگۆ:**

ئەگەر بتەوێ یان نەتەوێ،
ئەم جارەیان دێمە ژوورەوە.
سەبرم نەما،
لەسایەی تۆوە لە هەردوو کاربووم
ئیدی بە خۆشی یان ناخۆشی،
ئەم جارەیان دێمە ژوورەوە.

**ئادریانا:**

نا، نایەیتە ژوورەوە!
ئەگەر هاتی، ئەوە دەبێ بەسەر لاشەمدا تێپەڕی!

**تیسارگۆ:**

(یەک هەنگاو دەکشێتەوە وەک بڵێی دەیەوێ هێرش بێنی، لە هەمان کاتدا پێی لە نێو دەرگاکە دەمێنێ)

ئادریانا ئەگەر پێویستی کرد
پێ لەسەر لاشەکەت بنێم،
ئەوە دڵنیابە یەک و دووی لێناکەم!

**ئادریانا:**

**نا! نا! نا! نا!**

**(لەو کاتەی تیسارگۆ دەرگاکە پاڵ دەنێت، ئادریانا هەوڵدەدات دەرگاکە بە یەکجاری دابخات، بەڵام فشاری تیسارگۆ بە هێزتر بوو. ماڵە تاریکەکە داگیر دەکرێ، دەنگی پەلاماردانی سێکسی و قێژەقیژی نادیاری ئافرەتێک تێکەڵ دەبێت بە دەنگی ئامێرەکانی مۆسیقای کۆرسەکە، "نا نا کانی" ئادریاناش بەردەوامن. پتر لە دەنگی مۆسیقا دەچوو، لەوەی دەنگی مرۆڤ بێت. چونکە مۆسیقاکە ئاوازی بەدکارییەکەی تیسارگۆی دەگێڕایەوە).**

# دیمەنی سێیەم

سەرەتای شەوێکی تاریک، لە هەمان گەرەگ و لە پاش جەنگ، ئادریانا رەنگی دوو گیانی پێوە دەرکەوتبوو و زگی خڕبووبوو، لە تەنیشتی خوشکەکەی دانیشتبوو ئاسەواری ئەو پەلاماردانە سێکسییەی پێش چەند مانگێگ لەبەرامبەری کرابوو بەسەرو سیمایەوە دیاربوو.

**رفقە:**

**ئادریانا، گلەیی لە تۆ ناکەم**
**بەڵکو گلەیی لە خۆم دەکەم**
**چونکە لەو شەوە شوومەدا لە ماڵ نەبووم و**
**تۆشم تەنیا لە ماڵەوە بەجێهێشت.**

**ئادریانا:**

**بەڵام ئەو گلەییانەی هەوڵی شاردنەوەیان دەدەیت**
**لە چاوەکانتدا دەیخوێنمەوە.**

**رفقە:**

**خوشکە بچووکەکەم، باوەڕم پێ بکە،**
**گلەیی نییە، نا!**
**تەنیا ئارەزووم دەکرد**
**ڕووداوەکان ڕێچکەیەکی دیکەیان وەرگرتبا.**
**لە ناخەوە دەڵێم**
**خۆزیا قەت**
**ڕێگای تۆ لەگەڵ ئەو دڕندەیە یەکیان نەگرتبا،**
**خۆزیا چاوت بە چاوی ئەو**
**ناکەسە پڕو پووچە نەکەوتبا،**

**خۆزیا قەت قەت لە ناختدا منداڵی ئەوت**
**هەڵنەگرتبا!**
**تۆ ئادریانا ئەم شتانە هەمووی دەزانی.**

**ئادریانا:**
**رفقە گیان منداڵ منداڵی ئەو نییە، بەڵکو هی منە!**
**لە ئایندەشدا بێگومان دێتەوە سەر خۆم!**

**رفقە:**
**ئومێدەوارم وابێت،**
**ئومێدەوارم لە تۆ بکات،**
**بەڵام تۆ چۆن دەزانیت؟**

**ئادریانا:**
**دەزانم رفقە گیان، چونکە هەستی پێدەکەم**
**هەستێکی راستگۆیانە**
**بەو دڵەی لە نیزکی دڵی مندا ترپەی دێ.**
**ئینجا کۆڕەکەم چاوێکی دەبێ...**
**رفقە:**
**پێویستە شتێکت بۆ باس بکەم...**

**ئادریانا:**

**(هاوکات) لە قسەکانی خۆیدا بەردەوام دەبێ، وەک بیەوێ دڵی خۆیی بداتەوە:**

**دەنگم.. دەستم...**
**من دەزانم هەستی پێدەکەم.**

**رفقە:**

**دوێنێ شەو خەونێکم بینی.**
**لە کاتی جەنگدا بوو،**
**کەچی هەر چوومە سەر کۆڵان،**
**بەبێ ئەوەی لە هیچ شتێک بترسم**
**بەرەو پێشەوە دەڕۆیشتم.**

**(لەکاتی گێڕانەوەی خەونەکەی، خەونەکە لە سەر سەکۆی شانۆ نمایش دەکرێ، لە سەر ریتمێکی خاو، دەنگی جۆراو جۆر دەهات، دەنگی کەسەکانی دیکەی شانۆگەرییەکە یاخود دەنگەکانی کۆرسی مۆسیقا تێکەڵاوی دەنگی رفقە دەبوو).**

**رفقه :**

**هەموو شوێنێک ئاگری لێ هەڵدەستا ،**
**بەڵام من**
**گوێم لە کڵپەی ئاگرەکە نەدەبوو ،**
**دەموچاوەکان هەمووی تێکرژابوون ،**
**بەڵام من گوێم لە قیژەو نوزانەوەی کەس نەدەبوو ،**
**وەک بڵیی هەموویان لاڵ بووبن .**
**هەروەها هیچ شتێکیشم پێنەدەکەوت.**
**شەڕی کۆڵان و شەقامەکان بە چەکی سپی بوو ،**
**خوێن رشتنی شەقامیان حەلاڵ کردبوو ،**
**مرۆڤەکانیش لە دەور و بەرم وەک گەڵا**
**هەڵدەوەرین و دەمردن ، یان بریندار دەبوون ،**
**کەچی من هەستم نەدەکرد**
**ئایا پێویستم بە خۆشاردنەوەیە یان نا؟**
**لە هەمووشی سەیر تر**
**خەڵکەکە گشتیان یەک روخساریان هەبوو ،**
**وەک بڵێی .**
**دەمووچاوەکان هەموویان**
**یەک جۆر ماسکی چەرمیان داپۆشیبێ**
**هەموو بکوژ و قوربانییەکان ،**

**ئەوانەی دەکوژران و ئەوانەی**
**مرۆڤەکانیان دەکوشت،**
**هەموویان یەک دەمووچاویان هەبوو**
**یاخود یەک ماسکیان لەسەر کردبوو.**
**لەڕاستیدا هیچیان بە تیسارگۆ نەدەچوون،**
**بەڵام لە خەونەکەمدا**
**گومانم نەبوو کوژراوەکان و بکوژەکان،**
**هەموویان ئەون،**
**لە پڕیکدا چاوم بە تۆ کەوت ئادریانا.**
**لە سەر زەوی درێژ ببووی،**
**پڕتاوم بۆ هێنای و پڕبەدەنگ بانگم کردی:**
**" ئادریانا " .**
**وا بەخیاڵمدا هات بریندار بووبیت یان مردبیت.**
**بە توندی رامتەکاندی " ئادریانا!" .**
**تۆش بەسەرسامییەوە چاوەکانت کردەوەو پێتگوتم:**
**" بۆچی وا دەقیژێنی؟" .**
**" دیارە نابینی منداڵم دەبێ؟" .**
**بەبیرم دێ منیش لە ناخی خۆمدا گوتم:**
**" وەک دێڵە سەگ، لە نێوقەدی کۆڵان**
**منداڵی دەبێ!**

ئاگری جەنگیش هەڵگیرساوە
ئەی هەوار خوشکەکەم شێت بووە! " .
پاش ساتێک، بیرم لە یەک شت دەکردەوە:
گوڵێک بدۆزمەوە و پێشکەشتی بکەم،
ئەوەم زۆر بە گرنگی وەرگرتبوو.
ئادریانا منداڵی دەبێ،
بە هەر نرخێک بێت،
دەبێ گوڵی پێشکەش بکەم!
ئیدی بە راکردن کەوتمە نێو شەقامەکان،
لە خەڵکی پرسیارم دەکرد،
لە کوژرا و بریندارەکان
لەوانەی کە گیانیان دەدا
" دەتوانن پێم بڵێن
لە کوێ گوڵم دەست دەکەوێ؟ "
بە رێکەوت، لە کۆتایی گەڕانەکەم
چاوم بە دوو پیاو کەوت،
یەکیان پیر، ئەوەی دیکەشیان گەنج.
هەمان دەمووچاو یاخود هەمان ماسکیان هەبوو
پیاوە پیرەکە وەک یەخسیر یاخود بەندکراوێک
دەستی بۆ سەرەوە هەڵبڕی،

گەنجەکە چەکی لێ راکێشا
وەک بڵێی بە تەمای کوشتنی بێ.
قۆڵی گەنجەکەم گرت و،
چۆن پرسیارم لەوانەی دیکە دەکرد، لێم پرسی:
" دەتوانی پێم بڵێی
لە کوێ گوڵم دەست دەکەوێ "
ئاوڕێکی لێدامەوە و پێی گوتم:
"داوای گوڵ دەکەی.. رفقە!
لێرە لە نێو جەرگەی جەنگدا گوڵت دەوێ؟
تۆ شێتی، وەرەوە هۆش خۆت
لە خۆت چووی، هۆشیار بەوە! "
(ساتێک تێدەبەڕێ . خەونەکە کۆتایی پێ دێت دەگەرێنەوە واقیع).

**رفقە:**

(بەهەناسەبڕکێ درێژە بە قسەکانی دەدا)
ئیدی بەراستی بە ئاگا هاتمەوە...
تکایە پرسیاری نهێنییەکانی ئەم خەونەم لێ مەکە!
لە بەرەبەیانەوە لە مێشکمدا دەیبەم و دەهێنم،
هەوڵدەدەم پارچەکانی پێکەوە گرێی بدەم،

دەمەوێ حاڵی بم
لەو قسانەی شەوگار پێی راگەیاندووم.
بەڵام تا ئێستا من شڵەژاوم و تێنەگەیشتووم
بۆیە دەبوا بۆ تۆی بگێڕمەوە بۆ ئەوەی...

**ئادریانا:**

(ڕاڕایە)

لەم دەمەوە خەونەکەت دەبێتە هی من،
ئیدی منیش هەوڵدەدەم لە مەغزاکانی
حاڵی ببم و مانایەکی بۆ بدۆزمەوە

(ساتێک بەسەر دەچێ).

هەندێ جار، خەونەکان ئامۆژکاریمان دەکەن
وەک بڵیی حیکمەتی باوباپیرانمان پێرابگەیێنن.
بێگومان حیکمەتێک لە پشت ئەم خەونەدایە،
تۆ بڵێی چی بێت؟

**رفقە:**

(بەهێمنی)

بێگومان! بێگومان!

**ئادریانا:**

**دەبێ ئامۆژگارییەکی گرنگی تێدا هەبێت،**
**دەبێ چی بێ خودایە؟**

**رفقه:**

**بە هەر حاڵ، باسەکە کۆتایی هاتووە.**
**چونکە تۆ بڕیارتدا منداڵەکە بهێڵیتەوە،**
**تازە کاریش لە کار ترازاوە.**
**ئیدی باوەڕناکەم کارەساتی**
**لەوە گەورەترت بەسەردا بێ**
**کاتێک بڕیارتدا ئەو کارەساتە**
**لەشت داگیر بکات و لەژیاندا جێگیربێت.**
**چۆن دەتوانی جەنگ لە بیر خۆت بەریتەوە**
**لە کاتێکدا قبوڵت کرد**
**ببیتە دایکی منداڵی ئەو؟**
**من نامەوێ ئازارت بدەم**
**هێندەی قەدەر ئازاری داوی.**
**دیارە لە ناخەوە باوەڕت بەو بڕیارەی خۆت هەیە..**

**ئادریانا:**

**بەڵی باوەڕم پێی هەیە، بەڵێ من باوەڕم بەو بڕیارەی خۆم هەیە..**

**رفقە دەڕوات و ئادریانا ئەم رستەیە دووبـارە دەکاتەوە وەک بڵێی دەیەوێ قەناعەت بە خۆیی بێنێ، بەردەوام روحی خـۆی دلاوانـــدەوە، وەک بڵێیَ هێشتا خوشکەکەی لـەلا مابێت و گوێی لێی گرتبێ).**

**ئادریانا:**

**نەخێر رفقە من باوەڕم بە هیچ شتێک نەماوە.**
**من تەنیا هەست بە یەک شت دەکەم،**
**هەست بە دڵێک دەکەم،**
**بە دڵێکی دیکە لە تەنیشت دڵی من ترپەی دێ.**
**دەبێ ئەو نامۆیەی لە ناخمدایە چی بێ؟**
**دەبێ برایەک بێت؟ یاخود منێکی دیکە؟**
**یاخود دوژمنێک؟**

**لە دەمارەکانیدا دوو خوێن دەسوڕێ،**
**دوو خوێن تێکەڵاودەبن،**
**خوێنی جەلادێک و خوێنی قوربانییەک.**
**چۆن خوێنی یەکێکیان دەڕژێ و**
**خوێنی ئەوەی دیکەشیان ناڕژێ؟**
**ڕۆژگارێک منداڵەکەم دروست دەبێ،**
**ئەوکات لە ئامێزی خۆمی دەگرم،**
**دەیخەمە سەر سینگم و شیری دەدەمێ.**
**لەگەڵ ئەوەش، لەو ڕۆژەدا،**
**بەڵێ، تاوەکو لەو ڕۆژەشدا،**
**من بەردەوام پرسیارێک دەکەم**
**وەک چۆن ئێستا ئەو پرسیارە دەکەم،**
**وەک چۆن لە هەموو ساتێک پرسیار دەکەم**
**شەو و ڕۆژ..**
**دەبێ ئەو گیانلەبەرەی**
**لە ناخمدا هەڵیدەگرم چی بێت؟**
**کێیە ئەو گیانلەبەرەی خۆراک لە من وەردەگرێ؟**
**هەندێ جار بۆ ئەوەی دڵی خۆم ئارام بکەمەوە،**
**بەخۆم دەڵێم**
**لە زەمانی حەواوە تا ئەمرۆ**

**ئافرەتانی هەموو جیهان،**
**بەم شێوەیە**
**ئەم پرسیارانە لە مێشکیاندا دەخولایەوە:**
**دەبێ ئەو گیانلەبەرەی**
**لە ناخی خۆمدا هەڵیدەگرم چێی بێت؟**
**کێیە ئەو گیانلەبەرەی خۆراک لە من وەردەگرێ؟**
**ئایا کوڕەکەم دەبێتە قابیل یان هابیل؟**

**(پەردە دادەخرێ).**

# دیمەنی چوارەم

حەڤدە ساڵ تێدەپەڕێ کوڕەکەی ئادریانا دەبێتە نەوجەوانێکی تەواو. دەرگـا بە تووڕەیی پاڵدەنی و دێتە ژوورەوەی ماڵەکەیان و لە هەمان کات دایکی بـە نیگەرانییەوە تەماشای دەکات. بـەڵام گەنجەکە هەوڵ نادات تووڕەبوونەکەی یاخود دڵە راوکێکەی بشارێتەوە.

**یۆناس:**

ئەریَ کەسێک هەیە بتوانیَ پێم بڵیَ
من ناوم چییە؟

**ئادریانا:**

یۆناس، ئەم پرسیارەت لە چی؟

**یۆناس:**

هەموو پرسیارێک پێویستی بە وەڵامدانەوە هەیە!
ئەگەر تۆ ناوی من دەزانی،
دەتوانی پێم بڵێیَ!

**ئادریانا:**

یۆناس، وەڵامەکەت گویَ لیَ بوو
ناوت ( یۆناس )ـە.
چاوەڕێی ئەم وەڵامە بووی؟

**یۆناس:**

**ئەی تۆش ناوت ( ئادریانا ) یە؟**

**ئادریانا:**

**(دەیەوێ بە دەم بۆڵەوە نیگەرانێکان خۆی بشارێتەوە).**

**بەڵێ منیش ناوم ئادریانایە.**

**یۆناس:**

**تۆ دایکی منی؟**
**من و تۆ هەردووکمان**
**زیندووین و لە ژیانداین،**
**وا نییە؟**

**ئادریانا:**

**یۆناس..تۆ بۆ بەم شێوە**
**مناڵکارییە پرسیار دەکەی؟**

**یۆناس:**

**چونکە دەمویست دڵنیابم لەوەی**

**بەلای کەمەوە لەم بارەیەوە**
**درۆم لەگەڵ ناکەی!**

**ئادریانا:**

**وەرە دانیشە و پاشان،**
**پێم بڵێ چ شتێک بەم شێوەیە باری گران کردووی!**
**(یــەک هەنگاو دێتە پـێـشـەوە، بەڵام دانانیشێ).**

**یۆناس:**

**(بە دەنگێکی خنکاو و نیگەرانەوە).**

**ئەمرۆ دوو شتم بۆ روون بۆوە:**
**باوکم**
**قارەمان نەبووە،**
**هەروەها باوکم،**
**نەمردووە.**

**ئادریانا:**

**کێ پێی گوتی؟**

**یۆناس:**

**( دەتەقێتەوە )**

**گرنگ نیە کێ پێی گوتم!**
**تۆ بە راستگۆیی لەگەڵم بدوێ!**

**ئادریانا:**

**(لە کۆتایی دوودڵی ونیگەرانیدا).**
**بەڵێ، یوناس، ئەوانەی باست کردن راستین.**

**یۆناس:**

**کەواتە کە پێت دەگوتم،**
**باوکت لە شەڕی ناوەخۆ کۆتایی بە ژیانی هات،**
**درۆت لەگەڵ مندا دەکرد!**
**کە پێت دەگوتم باوکت کاتێک گیانی لەدەست دا**
**بەرگری لە ئێمە دەکرد دژ بەتاوانکاران**
**درۆت لەگەڵ مندا دەکرد!**
**لەو کاتەی من چاوم بە رووناکی ژیان کەوتووە**
**لەگەڵ هەموو دڵۆپێ شیر**
**وەک نانی نێو شۆرباکانمان،**
**درۆت دەرخواردی من دەکرد،**
**درۆی تێگوشە..**

**لەگەڵ ئەوەشدا رۆژ لە دوای رۆژ**
**بەردوام لە بن گوێمدا دەتخوێند و ئامۆژگاریت دەکردم:**
**" کوڕم راستگۆبە پیاوی چاک بە! ".**

**ئادریانە:**
**دەزانم و تێتدەگەم**
**من هەڵەم کرد یۆناس.**
**خۆزیا درۆم لەگەڵتا نەکردبا،**
**بمبەخشە، من دەترسام...**

**(ساتە وەختێک تێدەپەڕێ ).**

**من دەترسام لەوەی**
**لەو کاتەدا راستییەکە قورس بێت**
**لە سەر شانی منداڵێکی وەک**
**تۆ ئاسا..**

**یۆناس:**
**پێت وانییە درۆکردن**
**باری زۆر قورسترە لەسەر شانی مرۆڤ؟**
**کاتێک هەموو کەس راستییەکانی تۆ دەزانێت**
**تەنها خودی خۆت نەبێت؟**

**کاتێک چرپەچرپەکانی خەڵک، لە دەوروبەرتدا**
**پڕدەبێت لە بەزەیی و کڵۆڵیی،**
**هۆیەکانیشی چییە نازانیت؟**

**ئادریانە:**
**یۆناس**
**گوهدارم نابیت؟**
**نابێ دەرفەتێک بەمنیش بدەیت لە کۆتایی...**

**یوناس:**
**(لەهەمان کاتدا).**

**تەنانەت من پێچراوم**
**بە کراسی نەزانینەوە،**
**هەموو ئەوانی دی بە گەورە و بچووکیانەوە،**
**گاڵتە و سوکایەتی بە من دەکەن؟**
**ئادریانە:**
**.. دەرفەتم بدەرێ هەڵوێستی خۆم روون بکەمەوە؟**
**ئەمرۆ من دەزانم هەڵەم کرد کاتێک**
**بە درێژایی ئەو هەموو ساڵانە**
**راستییەکانم شاردبۆوە.**
**بمبەخشە، یۆناس؟**

**من بە تەمەن بچووک بووم و بریندابووم،**
**لە هەموو گەردوون دەترسام،**
**خەمی خۆمم بوو،**
**خەمی تۆشم بوو،**
**دەبوا بۆ زیاترین وەخت**
**بتپارێزم لەم راستییە دڵتەزێنە،**
**تا ئەو رۆژەی بەهێز دەبی.**

**یۆناس:**

**لە چ تەمەنێکمدا پێتدەگوتم؟**
**ئەو کاتەی تەمەنم**
**دەبوو بە سی ساڵ؟**

**ئادریانا:**

**لە چ تەمەنێکتدا؟**

**یۆناس:**

**بەڵێ لە چ تەمەنێکمدا؟**
**پێم بڵێ لە چ تەمەنێکمدا؟**

**ئادریانا:**

**یۆناس نازانم، لە چ تەمەنێکتدا دەبوو.**
**تکات لێدەکەم، چی دیکە لێم مەپێچەوە.**

**هەروەها لەبەر ئەوەی تۆ لە پڕێکدا**
**گەورەتربووی لەوەی ئامۆژگاری بکرێیت،**
**وەرە بۆ ساتێک خۆت لە جێی من دابنێ و**
**لە سەر کورسی تاوانبارەکان دانیشە!**
**وەڵامم بدەرەوە!**
**لە چ تەمەنێکتدا دەبوا**
**بە کوڕەکەم بڵێم**
**من بە تۆبزی سکپڕ کراوم،**
**ئەو کەسەش کەوا پەلاماری داوم باوکێتی؟**
**لە چ تەمەنێک، دەی پێم بڵێ ؟ چوار ساڵی؟**
**هەشت ساڵی ؟**
**دە ساڵی ؟ یاخود دوانزە ساڵی؟**
**بەڵێ، ئاسمان لە نێو لانکی ئاوریشمدا**
**کوڕێکی پێنەبەخشیوم،**
**فێری چۆنێتی پەروەردە کردنیشی نەکردووم!**
**بۆیە ناچاربووم چیرۆکی بۆ هەڵبەستم**
**چ لە ئاینده و رابردوو، یاخود**
**لە ژیانی رۆژانەدا...**

**(ساتە وەختێک تیپەڕ دەبێ تاکو دەتوانێ**
**هەناسەیەک بداتەوە و تۆنی دەنگی خۆی**
**بگۆڕێ).**

**یۆناس.. من بە هەموو توانایەک خۆشم ویستی**
**ئێستا نۆرەی تۆ هاتووە**
**بە هەموو توانایەکتەوە منت خۆشبوێ.**

**یۆناس:**

**(لە کۆتاییدا کورەکەی لێی نیزک دەبێتەوە و لە تەنیشتی دادەنیشێ، پاش چەند چرکەیەیەک دەستی دایکی لە ئامیز دەگرێ، هێمنی لە سیمایدا دەردەکەوێ).**

**یۆناس :**
**ئەو ناوی تیسارگۆ بوو؟**
**ئەو پیاوەی کەوا پێیان دەگوت**
**تیسارگۆی پاسەوان؟**
**ئادریانا:**
**خۆی حەزی لێ بوو خەڵکی ئەو ناوەی لێبنێن.**

**یۆناس:**
**بەڕاست ئەو.. دڕندە بوو**
**وەک چۆن بۆیان باس کردم؟**

**ئادریانا:**

**ئەو هەمیشە دڕندەیەک نەبوو.**
**بەڵکو تەنیا داماو و سووک بوو.**
**بێگومان قەت نەیدەتوانی**
**ببێت بە یەکێ لە پیاوە باشەکان،**
**بەڵام دەیتوانی**
**نەبێتە خراپترینیان.**
**پاشان جەنگ هەڵگیرسا...**
**لەو ساڵەدا، گەنجەکان وایاندەزانی**
**سەر لە نوێ لە دایک دەبن**
**بەبێ کۆت و بەند، بەبێ یاسا، ئازادن،**
**دەبنە سەروەری شەقامەکان، سەروەری یاساکان،**
**سەروەری شەوەکان،**
**سەروەری ژنەکان،**
**بەم شێوەیە مەرگیان دەبەخشییەوە.**

**یوناس:**

**هەروەها ژیانی پیس...**

**ئادریانا:**

**( هەڵدەچێ ).**

مەبەستت کام ژیانە؟
ژیانی خۆت یۆناس ؟ ژیانی پارچەیەک لە جەرگم؟
قەت هەڵەی لەم چەشنە نەکەی،
بێگومان ژیانی تۆ پیس نییە.
چونکە نە دەستی تۆ نە دەروونی تۆ
بۆگەنی جەنگی پێ نەگەیشتووە.
تۆ بوویتە هێزی تۆڵە سەندنەوەی من،
لەو کاتەی چاوەکانی تۆ رووناکی بینی
جەنگ کۆتایی هات،
تۆ لە گۆڕنانی مەرگ بوویت!

**یۆناس:**

(هەڵدەستی).

ئەی ئەو، ئەوی دیکە چی بەسەرهات
ئەو کەسەی نەمرد و سەری هەڵگرت؟

**ئادریانا:**

لەو ساڵەدا،
من تاقە قوربانی نەبووم،
ئەو وەک دڕندەیەکی ترسناک

**لە کوچە و کۆڵانەکاندا دەسوڕایەوە،**
**خەڵکی دەکوشت تاڵانی دەکردن**
**بەرتیلی لێدەسندن،**
**تاقمێکی چەتەی کۆکردبۆوە**
**وەک سەگی هار لە دووی هەڵدەسوڕان.**
**پاشان برینداربوو، ئیدی**
**بردیان بۆ نەخۆشخانەی ئەوبەری رووبارەکە**
**دوای چەند هەفتەیەک لە نەخۆشخانە دەرچوو،**
**بەڵام باندەکەی پەرت و بڵاو ببوون،**
**ئیدی نەیوێرا بگەڕێتەوە.**

**یۆناس:**

**(وەک بڵێی لەگەڵ خۆی دەدوێ).**

**گەر بگەڕێتەوە، من دەیکوژم.**

**ئادریانا:**

**ناوە ناوە دەهاتن و بە گوێمدا دەیانچرپاند**
**گوایە کەسێک لێرە و لەوێ بینیویەتی..**
**لە سەرەتا من ترسام، بۆیە بیرم لە هەڵاتن کردەوە**
**یان خۆم بشارمەوە.**

**یۆناس:**

(بە دەنگێکی کەمێ بەرزتر ).

گەر بگەڕێتەوە، من دەیکوژم.

**ئادریانا:**

ئەمڕۆ..

قەت گوێ نادەمە ئەو قسە و قسەڵۆکانە.

لەو باوەڕەدانیم قەت بوێرێ

سەر بەم ناوچانەدا بکاتەوە!

**یۆناس:**

(ئەم جارە بەدەنگێکی بەرزەوە).

گەر بگەڕێتەوە، من دەیکوژم.

**ئادریانا:**

(بێ ئەوەی راستەو خۆ وا نیشان بدات
لەگەڵ ئەویەتی).

خۆزیا من و تۆ، لە بیرمان چووبا، و درێژەمان بە
ژیانی ئاسایی خۆمان دابا!

**یۆناس:**

تۆ دەتوانی ئەو لەبیر بکەی،

**دەشبێ یادگارەکانی لە ژیانتدا بسڕیتەوە.**
**بەڵام من ناتوانم،**
**ئاخر چۆن لە بیری خۆمی دەربکەم؟**
**لە کاتێکدا خوێنی ئەو دڕندەیە**
**لە نێو دەمارەکانی مندا دەسوڕێتەوە؟**
**پێم ناڵێی.. چۆن خوێنی خۆم لە بیر بکەم؟**

**ئادریانا:**

**خوێنم، خوێنمان، خوێنی ...**
**ئەم وشانە چەند فریوودەرن!**
**ئەم وشانە چەند پیسن!**
**زۆر جار بەهاکان و حەزەکان**
**هەتاکو بۆچوون و وتەکانیش**
**بە خوێن دەبەسترێنەوە:**
**" خوێنم پێم دەڵێ "، " خوێنم فەرمانی کرد " ...**
**یۆناس، خوێنت هیچت پێی ناڵێت،**
**چونکە دەنگی نییە، هاوار ناکات،**
**بیرکردنەوەی نییە،**
**هیچ فەرمانێکی نییە بەسەرتدا بیسەپێنێ.**
**بۆیە پێویستە ئەرکەکانی سەر شانت**
**بە ئەنجام بگەیێنی،**

## بەڵام لەمڕۆ بەدواوە باسی خوێن بۆ من نەکەی!

ئادریانا بەرەو دەرەوە دەڕوات، یۆناس لە سەر زەوی دادەنیشێ و سەری خۆی دەخاتە نێو هەردوو دەستی و پشویەک وەردەگرێ . لە پڕیکدا هەردووک لە جێی خۆیان رادەوستن، کەچی لەسەر سەکۆی شانۆ کەسێک دەسوڕێتەوە، لە نێو رووناکاییەکی مەیلەو سوورو تاریک وەک ئاماژە پێکردنێک بۆ حاڵەتی خەون، وەک بڵێی ئەو کەسە بە کاری فیداکاری هەڵدەستێ : ئەو کەسەی بینەر چاوی پێ دەکەوێ لە هەمان کاتدا (یۆناس) ە، دەست دەکات بە لابردنی ماسکەکانی ئەوانی دیکە و فڕێیان دەداتە نێو ئاگر، وەک بڵێ رۆحی کەسایەتییەکان دەسێنێتەوە. ئیدی لە دۆخی کڵپەیەکی کوشندەدا یەک لە دوای یەک دەڵێی رۆحیان پاکدەبێتەوە دادەرمێنە سەر زەوی. ئەو خەونە ماوەیەکی کورت دەخایەنێت و لەگەڵیدا پارچەیەک

**مۆسیقا دەڕوات، وەک رستەیەکی پوخت و چڕ دووبــارە دەبێتەوە، ئەمەش بۆ ئەوەی زیـاتـر دەنـگـەکە بەرجەستەبێ و روونتربێتەوە).**

# دیمەنی پێنجەم

ئەو کاتەی ئادریانا لە تێڕامانەکەی بەئاگادێتەوە، پێش ئەوەی رفقە لەو بەری شانۆ بێت بۆ لای ئەو ئادریانا دەڕوات، چۆنها یۆناس خۆی کۆدەکاتەوە و دێتەوە سەرەخۆی، گوێی لە دەنگی رفقە دەبێت، بانگی خوشکەکەی دەکات.

**رفقە:**

**ئادریانا! ئادریانا!**
**یۆناس ئەوە تۆی؟**
**چاوەڕوانی بینینی تۆ نەبووم!**

**یۆناس:**

**(بێ ئەوەی هەڵسێتە سەر پێ).**

**وابزانم دەتەوێ لەگەڵ دایکم قسە بکەی،**

**رفقە:**

**(بە دڵنیاییەوە).**

**بۆ لێرە نییە؟**

**یۆناس:**

**دەتەوێ لە بارەی چییەوە قسەی لەگەڵ بکەی؟**

**رفقە:**

**یۆناس دەبینم زۆر دەخاڵەت دەکەی.**

**یۆناس:**

ڕەنگە بتەوێ هەندێ باس و خواسی بۆ بکەی
کە نابێ من گوهداری بم.

**رفقە:**

ئەوە چیتە، یۆناس؟
گوێم لێتە و
خەریکە بە گومانبم لەوەی دەنگت بناسمەوە.

**یۆناس:**

دەنگم ناناسیتەوە.. چونکە گۆڕاوە.
چونکە بوومەتە پیاو.

**رفقە:**

تۆ لە مێژە پیاوی.

**یۆناس:**

پێناچێ وابێ!
چونکە تا دوێنێ من هەر منداڵ بووم،
بۆیە هەندێ مەسەلە هەیە
باشترە وایە من نەیزانم.

وایە رفقە یان نا؟
بۆ شتێک ناڵێی؟
وەک ئاگادارم.. هەندێ شت هەیە
هەموو کەسێک بۆی هەیە بیزانێ
تەنیا من نەبێ.
بۆ ورتەت نایە؟

رفقە:

(بە سەرلێشێواوی و هەوڵی خۆدزینەوەوە).

زۆر جاران مرۆڤ
حەز دەکات زۆر شت نەزانێ...

یۆناس:

زۆر جاریش
پێویستە بیزانی،
بەڵام دەوروبەر
دەشارنەوە لێت!
ئەتۆش رفقە.. بەم شێوەیە
لەگەڵمدا رەفتارت کردووە،
لە کاتێکدا من پێموابوو

**تۆ لە من نزیکی،**
**کەچی درۆت لەگەڵ کردم.**

**رفقە:**

**درۆیی چیم لەگەڵ تۆدا کردووە؟**

**یۆناس:**

**دەپرسیت، چی؟**
**ئەوە وادەگەیێنیَ**
**تۆ بەردەوامی لە درۆ کردن.**
**چونکە نازانیت**
**دایکم چ باسێکی بۆ من درکاندووە.**
**دیارە بواری بۆ نەڕەخساوە پێت راگەیەنیَ...**
**بۆیە پێم باشە بزانیت.. دەرنجام**
**دایکم باسی باوکمی بۆ کردم.**

**رفقە :**

**(پاش خۆڕاگرتنێک)**

**ئەمە بۆ تۆ باشترە.**

**(ئادریانا، لە لایەکی دیکەی شانۆدا دێتە ژوورەوە، بەڵام کەس نایبینێ، لە**

سوچێکدا دادەنیشێ و بە بێ دەنگـــــی گوێ دەگرێ).

**یۆناس:**

تۆ دەتزانی..

بەڵام پێتنەدەگوتم!

**رفقه:**

ئەو نەهێنییەم بە موڵکی خۆمم نەدەزانی...

**یۆناس :**

(بە گاڵتە پێکردنێکەوە).

ئەو نەهێنییە موڵکی تۆ نەبوو؟

موڵکی تۆ نەبوو؟

باشە موڵکی کێ بوو؟ پێم بڵێی!

ئەدی لە هەموو کەس زیاتر،

مافی زانینی ئەو شتانەم نەبوو؟

**ئادریانا:**

(بڕیار دەدات دەرکەوێ).

یۆناس، با بەسبێ چی دیکە

هێرش مەکە سەر خوشکم!
تۆ باش دەزانی
من نەمهێشتووە پێتبڵێ،
ئەویش ناتوانێ خیانەتم لێبکات.

**یۆناس:**
بۆیە خیانەت لێکردنمی هەڵبژارد.
هەمیشە وامدەزانی هەموو ئەو نەهێنیانەی
بۆ هیچ کەسێکی ناگێڕیتەوە بە منی دەڵێت
کەچی دەرکەوت لە گرنگترین شت
درۆی لەگەڵ کردووم.

**ئادریانا:**
یۆناس، با بۆ ساتێک
رابردوو لە بیری خۆمان دەرکەین!
ئەی تۆ، رفقە، پێم بڵێ . پێمان بڵێ..
ئەو هەواڵەی پێتە چییە؟
دەمەوێ کوڕەکەشم گوێی لە هەموو شتێک بێ،
لەمەولا هیچی لێ ناشارمەوە.

**رفقه:**

یوناس .. تکات لێدەکەم هێمن بەرەوە!
ئادریانا تۆش دەبێ هێوربیتەوە!

(ساتێک تێدەپەڕێ).

وا دیارە...

(دووبارە ساتەوەختێکی بێدەنگی).

وا دیارە ئەو پیاوەی،
ناوی تیسارگۆیە.. هاتووەتەوە.
لە نزیک ماڵە کۆنەکەی کەس و کاریەوە
کەسانێکی زۆر بینیویانە
دەڵێن گوایە لەوێ جێنشین دەبێت.

**یۆناس:**

(وەک بڵێی لەگەڵ خۆی دەدوێ).

دەبێ ئەو دڕندەیە بکوژم.

**رفقه:**

(زەرد هەڵدەگەڕێ)

یۆناس، هێور بە، تۆ دەمترسێنی

لە سەر خۆت بە،
تاکو بتوانین کەمێ قسە بکەین.

**یۆناس:**

(بەردەوام دەبێ لە قسەکردن لەگەڵ خۆی
وەک بڵێ گوێ لە کەس ناگرێ).
دەبێ بەم دەستانەی خۆم بیکوژم!
(لە پڕێکا هەموویان لە جێی خۆیان بەبێ جوڵە سڕدەبن، بینەریش بە خێرایی ئەو خەونەی لە کۆتایی نمایيشی پێشووتر پێشکەشکرا، دووبـــارە دەیبینێتەوە، بەڵام ئەم جارەیان بە شێوەیەکی کورتتر و چڕوپڕتـر، وەختەکەشی لـە چەند ساتێک تێناپەڕێ، وەک بیرکردنەوەیەک کاتێک بـــــەخێرایی بەمێشکی مرۆڤدا تێدەپەرێ.
کاتێک خەونەکە کۆتایی دێت، یۆناس بـــەراکـــردن دەردەپـــــەڕێ. دڵـــی رفقە دادەخورپێ.. دەیەوێ دوایکەوێ، بەڵام بە بینینی ئادریانا .. لە جێی خۆی سەرسام دەبێ، چونکە خوشکەکەی زۆر بەساردی

پێشوازی لــه هەڵوێستی کوڕەکەی دەکرد.

**رفقە:**

(کۆنترۆڵی خۆی پێناکرێ)

بۆ جووڵەیەک ناکەیت؟
لێیدەگەڕێی بەڵێنەکەی جێبەجێ بکات؟
ئەو کوڕە زۆر گۆڕاوە،
وەک بڵێی نایناسمەوە،
ئەو قسانەی بەفیڕۆ نەدەکرد،
بێگومان دەیکوژێ!

**ئادریانا:**

(ئادریانا لە جێی خۆی نابزوێت وەک بڵێی لە حاڵەتی بێهۆشیدایە).

ئەگەر پێویست بکات بیکوژێ،
ئەوە هەر دەکوژێ.

**رفقە:**

سبەینێ پەشیمان دەبێتەوە
چونکە ئەو وشانە هاتنە سەر زارت!

**هەڵسە دەی، دوایکەوە و بانگیکە،**
**هێشتا کات بەسەرنەچووە!**

**ئادریانا:**

**(لەگەڵ خۆی دەدوێ).**

**ئەگەر پێویست بکات بێکوژێ،**
**ئەوە هەر دەیکوژێ.**

**رفقە:**

**ئەگەر بەم شێوەیە لێیگەڕێت بڕوات،**
**ئەوە بێگومان تاوانێک دەکات!**
**پاش ئەوە، کوڕەکەت دەمرێ،**
**ئەگەر بەدەستی ئەو نەبێت**
**ئەوە بەدەستی ئەوانی دیکە هەر دەکوژرێ...**
**ئادریانا، بانگی بکە، وەدویکەوە،**
**هێشتا کات بەسەرنەچووە!**
**تا ئەم رادەیە هەستەکانت مردوون؟**

**ئادریانا:**

**ئەگەر پێویست بکات بیکوژێ،**
**ئەوە هەر دەیکوژێ.**

# دیمەنی شەشەم

لە ژێــر تیشــکی خۆرێکــی کۆچەری، پیاوێکــی بەتەمەن، لە بەرامبەر دەرگەی ماڵێکی دێریندا راوەستاوە،پشتیشــی لە بینەر کردووە، یۆنــاس بــە چەکێکەوە لێی نزیک دەبێتەوە.

**یۆناس:**

**من بە دوای کابرایەکدا دەگەڕێم**

**ناوی تیسارگۆیە،**

**ئەو کەسەی ناوی پاسەوانی لە خۆی نابوو**

**ئایا تۆ ئەوی؟**

**تیسارگۆ:**

**تۆ ئەی کوڕی گەنج مێژوویەکی دێرین**

**لە بیری مندا زیندو دەکەیتەوە...**

**تەمەنت چەندە؟**

**یۆناس:**

**تەمەنی من هیچ گرنگ نییە.**

**من تەنیا دەمویست بزانم تۆ (تیسارگۆ)ی یان نا؟**

**تیسارگۆ:**

**ئەو کاتەی باسی دەکەی،**

**ڕەنگە لە تەمەنی تۆدا بووبم،**

**خووم دابووە چەک، بە چەشنێک**

هیچ جیاوازییەکی نەبوو لەگەڵ زوڕنا،
وەلێ لە شێوازی قسەکردنت،
بەتایبەتی بێ شەرمییەکەت لەگەڵ بەرامبەردا،
ئیدی پیر بێت یاخود گەنج،
زۆر نزیکە لە شێوازی ئەوسای قسەکردنی من...

**یۆناس:**

سەیر نییە کە وەک تۆ بێ شەرم بم،
چونکە لە بەختی رەشمدا،
لە خوێنی تۆ لەدایک بووم!

**تیسارگۆ:**

ئەو خوێنەی تا دواهەمین دڵوپ
هەموویم لە جەنگدا رشت،
سەر لە نوێ خوێنێکی دیکەیان بۆ گوازتمەوە.

**یۆناس:**

من کوڕی ( ئادریانا)م.

**تیسارگۆ:**

ئادریانا، ئادریانا، ئادریانا،

**شۆخترین ئافرەت بوو.**
**جوانترین قژ،**
**ناسکترین دەنگ...**
**ئەگەر بە توندی مامەڵەی لەگەڵمدا نەکردایە،**
**ئێستا عاشقی یەکتر دەبووین...**

**یۆناس:**
**جارێکی دیکە باسی دایکم بە**
**وشەی " عیشق " بکەی**
**خۆت وەک لاشەیەک دەبینیتەوە!**

**تیسارگۆ:**
**ئەدی ئەگەر باسی**
**وشەی" عیشق " نەکەم**
**تۆ دەمبەخشی؟**
**یۆناس :**
**نا، من هەرگیز ناتبەخشم و هەر دەتکوژم،**
**تۆ دەمێکە مافی بەردەوامبوونت**
**لە ژیاندا لە دەستداوە!**

**تیسارگۆ:**

لەگەڵ ئەوەشدا، گەر من بەڕاستی ئەو کەسەبم
کە تۆ باسی دەکەی،
ئەو کات ژیانت قەرزاری من دەبێ.

**یۆناس:**

من قەرزاری خودام
لە هاتنم بۆ ئەم ژیانە.
من تەنانەت قەرزاری بارودۆخم.
دەتەوێ ئەو بارودۆخەت بیربێنمەوە؟
دەتەوی ئەو شەوە شومەت بیربێنمەوە؟

**تیسارگۆ:**

ناوت چییە؟

**یۆناس:**

دایکم ناوی لێناوم یۆناس.

**تیسارگۆ:**

یۆناس، یۆناس، ئادریانا،
ئێوە دەتانتوانی ببنە هەموو ژیانم.

**یۆناس:**

**ڕێت پێنادەم ناوی من**
**یان دایکم بێنیت.**

**تیسارگۆ:**

**مادام تۆ بڕیاری کوشتنی منت داوە،**
**ئیدی بۆت نییە من لە هیچ شتێک قەدەغە بکەیت.**

**یۆناس:**

**هەوڵ نەدەی فێڵم لێ بکەی**
**تۆ ئێستا لە ژێر ڕەحمەتی منداێ!**
**ژیانی تۆ لەو چرکە ساتەی بڕیار دەدەم، ڕادەوەستێ**

**تیسارگۆ:**

**ڕەنگە پێتوابێ من گەڕاومەتەوە وڵاتەکەم**
**بۆ مەبەستێک جیا لە مردن!**
**تۆ بەبێ ئەوەی ئاگات لە خۆت بێ**
**پێش ئارەزووەکانی باوکت دەکەویت ..**

**یۆناس:**

**ئەوەی تۆ دەیڵێیت.. نە ورەم بەرزدەکات**
**نە پەشیمانم دەکاتەوە،**
**چونکە پەشیمان بوونت**
**لەو تاوانەی کردووتە پاکت ناکاتەوە.**
**ئەگەر مەرگیشت قبوڵە..**
**ئەو مانایە ناگەیەنێ**
**سەر لە نوێ مافی ژیانت پێ بدرێتەوە**

**( بـــۆ ماوەیەکـــی دوور و درێـــژ هەردوو پیاوەکە بێ دەنگ دەبن، هیچ جوڵەیەک ناکەن، هەردووک شـــێواو و نیگەرانیان پێوە دیارە، وەک بڵێی لە ژێر تیشـــکی خۆری ئاب دانیشتوون.**

**یۆناس:**

**( دەیەوێ بێتەوە سەر خۆیی).**

**پێش ئەوەی بمری،**
**دوا پرسیارت لێدەکەم :**
**تۆ دەتزانی؟**

**(ماوەیەک تێدەپەرێ)**

**تۆ دەتزانی دایکم دوو گیانە و**
**منیش لە دایک بووم؟**

**یان تەنیا ئەمڕۆ**
**بەم راستییەت زانی؟**

**تیسارگۆ:**
**هەمان کات بەم راستییەم زانی،**
**لە ساڵی جەنگدا بوو،**
**پاشان هەموو توانای خۆمم بە گەڕخست**
**تا لە بیرم بچێ.**
**یۆناس:**
**( لە پڕ بەدەنگێگی لەرزۆکەوە).**
**رووم تێبکە، بە نامەردی ناتکوژم!**
**( بێدەنگی ).**
**یۆناس:**
**دەتەوێ بمریت؟**
**بەڵام بۆ یەک جاریش**
**چاوت بە کوڕەکەت نەکەوتووە؟**
**(بە ئەسـپایی تیسارگۆ رووی تێدەکات،**
**هەردوو دەستی تا ئاستی روخساری خۆی**
**بەرز دەکاتەوە).**
**تیسارگۆ:**
**من دەتوانم رووت تێبکەم، وەک چۆن فەرمانت پێدام**

**بەڵام ناتوانم بتبینم.**
**چونکە بەر لەدوو ساڵ**
**چاوەکانم کوژاونەوە،**
**تەنانەت ناتوانم دەستەکانی خۆشم ببینم،**
**زۆر بە زەحمەت**
**شەو و رۆژ لە یەک جیا دەکەمەوە...**
**تەنانەت ناشتوانم بزانم ئایا بە من دەچیت!**
**ئەوپەڕی لە توانامدا هەبێت**
**گوێ بۆ دەنگت رادەگرم و لێکی دەدەمەوە**
**خەیاڵی سەرو سیمات دەکەم،**
**حەز دەکەم دەستت پێدا بێنم...**

(لە یۆناس نزیک دەبێتەوە تا دەست و پەنجەی بەسەر و چاویدا بێنێ . بەڵام کوڕەکەی بەترس و لەرزەوە، یەک هەنگاو پاشەکشێ دەکات. تیسارگۆ هەنگاوێکی دیکە دێتە پێشەوە . پێ دەچێ کوڕەکە هەوڵی کوشتنی بدات، بەڵام ناتوانێ، ئیدی پاشەکشە دەکات وبە شێوەیەکی سەرلێشێواوی بەرەو دواوە هەڵدێت،باوکە ناساغەکەشی بە دوای دەکەوێ.

# نمایشی حەوتەم

هـــەر چـــوار کەســـایەتییەکانی شانۆگەرییەکە،تووشی سەرسامی دەبن و لە حاڵەتی گومبووندان. رفقە نیگەرانی دایدەگرێ، ئادریانا لە رووکەشدا هێمنی نیشان دەدات بەڵام لە راستیدا نیگەرانی و پەشیمانی هەلاهەلای کردووە، یۆناس گلەیی لە خۆی دەکات و خۆی دەخواتەوە، چونکە بایی ئەوەندە ئازا نەبوو، تۆڵەی خۆی و دایکی بســـتێنێتەوە، تیسارگۆش نوقمـــی تاریکی خۆی بـــووە و بەردەوام بە دوای مەرگی خۆیـــدا دەگەڕێ. ئەوەی بینەر لەم نمایشەدا دەیبینێ نە دەخرێتە چوارچێـــوەی خەون، نـــە واقیع، بەڵکو لـــە نێـــــوان هەردووکیانەدایـــە و لە هەردووکیان نزیکە.

هەموو کەسـایەتییەکانی ئەم کارەساتە لەسەر سەکۆی شانۆ یەک لە دوای یەک بە تەنیا تەنیا دەردەکەون، پەیڤەکانیان بریتـی دەبێـت لـە پارچـەی موزیکی مۆنۆلۆژ، بەزایەڵە دوو کەسـی، سـێ کەسی و چوار کەسی دەگوترێتەوە، جار جاریش کۆڕسـەکە لەگەڵیان دەیڵێتەوە. پەیڤەکانـی ئـەمـان و ئـەوان تـێـکەڵاوی یـەکتـر دەبـن وەک دەنـگدانـەوەی لێـدێـت.

تەنیـا دایک کوڕەکـەی بەیەک دەگەن و دەکەونە گفتوگۆ.

**کۆڕس:**

لەو شەوەدا،

لەو شەوە شوومەدا،

دەرگاکانی دۆزەخ

ئاوڵابوون.

**ئادریانا:**

لەو شەودا...

**رفقە:**

**لەو شەوە شوومەدا،**
**دۆزەخ دەرگاكانی ئاولاَبوون...**

**ئادریانا:**

**ئازار ماسكی بە سەر دەموچاومدا پۆشی و**
**قەلْغانێكیش لە سەر دلْم دانا،**
**هەندێ جار، وشەكانم بەزەیی ناناسنەوە**
**پاش دەمایەك، پرسیاردەكەم**
**ئایا لە زاری من دەرچوون؟**
**پێستم ڕەق بوو،**
**چاوەكانم بوونە بەرد،**
**سەرباری ئەوەش**
**خۆزیا بتوانرایە دەروونم بكەنەوە.**

**ئادریانا، رفقە، كۆڕس:**

**ئادریانا بەدەركەوت،**
**ئادریانا ئەو كیژۆڵە شۆخە**
**ئەوەتانێ لەرزەلەرز و شێوەنییەتی...**

**ئادریانا:**

**لە خەماندا دەلەرزێ...**

**رفقە، کۆڕس:**

**لە ترساندا دەلەرزێ..**

**ئادریانا، رفقە، کۆڕس:**

**ڕادەکات و خۆی دەشارێتەوە.**

**کۆڕس:**

**زۆر رووداوی دیکە هەن ...**

**هەموویان:**

**زۆرن ئەوانەی**

**روویان داوە...**

**رفقە:**

**شەڕەکانی دیکە...**

**تیسارگۆ:**

**شەڕەکانی دیکە،**

**ئاگربەسەکانی دیکە...**

**ئادریانا:**

لەدایکبوونی دیکە،

تاوانی دیکە...

**رفقه:**

دادگاکان،

سزاکان...

**تیسارگۆ:**

لێبووردەیی.

**هەموویان:**

هیچ شتێک،

هەتا هەتایە، هیچ شتێک نەیتوانی

ئەوەی لەو شەوەدا روویدا،

بسڕێتەوە.

ئەو شەوە شوومە.

**رفقه:**

ئادریانا ریچکەی ژیانی خۆی بە جێهێشت

چەمایەوە لەبەرامبەر دڕندەیی جیهان،

لە پێناوی ئادریانا منیش لە ڕێچکەی ژیان لامدا.

خۆزیا ئامۆژگارییەکانم
بەسەریدا بسەپاندایە!
خۆزیا بمخستایە بن باڵی خۆم
خۆزیا .. خۆزیا...
خۆزیا...
من خووی حەکیمەکانم گرتبوو
ئەوانەی بەلێشاوی ئامۆژگارییەکانیان
ناتوانن لە بەرامبەر شێتبوون ڕابوەستن
لەبەر لێشاوی ئامۆژگارییەکانیان
ناتوانن لە بەرامبەر مردن رابوەستن
چونکە زیاد لە پێویست حەکیم بووم!
زیاد لە پێویست حەکیم بووم!

**یۆناس:**
بەڵێ رفقە زیاد لە پێویست حەکیم بووی!
زیاد لە پێویست حەکیم بووی!

**کۆڕس:**
نمایشەکان لەگەڵ گۆرانی وەرزەکاندا دەگۆڕێن
بەسەرهاتی زۆر روویاندا،

بەڵام هیچ شتێک،
هەتا هەتایە هیچ شتێک
ناتوانێ ئەو شەوە بسڕێتەوە..

**یۆناس:**

چەند رقم
لەو شەوە دوورەیە
کەوا هەمیشە بە دوامەوەیە!
چەند رقم لەو رابردووەیە
کە پاشماوەی ترس و کینەیە
کینە و ترسی بۆ جێهێشتم!
دەبێ تاکو ئێستا خوێنی ئەو بکوژە
لە دەمارەکانمدا بسوڕێتەوە؟
خوێنی ئەو ئەژدیهایە
کە پێوەدەدات و ئاگر بەردەداتە ماڵی خەڵکی؟

**تیسارگۆ:**

رۆژگارێک شەوان هێلانەی من بوو،
ئێستا شەوانم لێ بووەتە بەندیخانە.
سەر بە هەر لایەکدا دەکەم،

**بەر دیوار و ئاسنە ساردەکانی دەکەوم!**
**حەزم بۆ مردن دەجوڵێ،**
**بەڵام مردن بۆم ناگەڕێ.**
**بەدوای دەکەوم، وەلێ لە دەستم رادەکات،**
**بانگهێشتی دەکەم، لەبەرم هەڵدێ.**
**خۆزیا لە جەنگدا مردبام ...**
**نەخێر، خۆزگە پێش ئەوە**
**بە زۆر ساڵ..**
**ئەو کاتانەی**
**منداڵێکی شەرمن بووم**
**بەردەوام دەمپرسی**
**ئایندەم چۆن دەبێ؟**
**ئا ئێستا زۆر باش دەزانم**
**ژیانم چۆن بوو،**
**زۆر باش دەزانم**
**چیم لە ژیانی خۆم کرد.**
**خۆزیا...**
**هەموویان:**
**خۆزیا...**
**خۆزیا...**

**رفقه:**

خۆزیا خوشکەکەم لە بن باڵی خۆم نایە،
بە تەنیا بە جێم نەهێشتایە،
خۆزیا...

**تیسارگۆ:**

خۆزیا...

**ئادریانا:**

خۆزیا...

**یۆناس:**

خۆزیا...

**ئادریانا:**

خۆزیا...
ڕێم لە کوڕی خۆم بگرتایە
ئەو تاقیکردنەوەی نەکردایە.
خۆزیا...

**رفقه:**

خۆزیا...

**تیسارگۆ:**

**خۆزیا...**

**یۆناس:**

**خۆزیا...**
**بەبێ ئەوەی بیدوێنم گوێی لێبگرم،**
**بمکوشتایە،**
**بێ ئەوەی دەستم بلەرزێ.**
**خۆزیا...**

**ئادریانا:**

**خۆزیا...**

**رفقە:**

**خۆزیا ...**

**تیسارگۆ:**

**خۆزیا ...لەو ئاهەنگەدا دەمردم..**
**ئەو ساڵە ئاهەنگی سەماکردنم بوو**
**ئەو تاقە سەمایەی لەگەڵ ئادریانا بە نسیبم بوو.**

**یۆناس:**

**چەند سەیرە..**
**ئەو هەموو رق و كینەیەم**
**بۆ لە دڵمدا هەڵگرتووە و**
**ناتوانم كۆتایی پێ بهێنم.**
**تۆ بڵێی تاكو ئێستا خوێنی ئەو بكوژە**
**لە رەگەكانمدا هاتوچۆ،**
**خوێنی ئەو ئەژدیهایە**
**پێوەدەدات و ئاگر لە خەڵكی بەردەدا؟**

**ئادریانا:**

**هەمیشە پێموابوو**
**گەر هەواڵی مەرگی ببیستم،**
**دڵم پڕ دەبێت لە شادی،**
**كەچی ئەمڕۆ لێیدەترسێم.**
**بە ژیاندا گوزەرم كرد و تێپەڕیم**
**هەر بە ئومێدی تۆڵە سەندنەوە بووم**
**بەڵام لەمڕۆوە چیكە نامەوێ.**
**تەنیا شتێكم دەوێ ...**

**رفقه:**

**تەنیا، تەنیا..**

**ئادریانا، رفقه:**

**سپێدەیەکی بێگەردمان دەوێ،**

**خودایە، سپێدەیەکی بێگەرد ...**

**ئادریانا:**

**هیچ هاوارێک**

**نەبیستم!**

**( پاش ماوەیەک، رستە سەرەتاییەکانی ئەم گۆرانییە دەستپێدەکات، کۆڕسەکەش کۆتایی پێدێنی).**

**رفقه:**

**لەو شەوەدا، دەرگاکانی دۆزەخ کرانەوە ...**

**ئادریانا:**

**دەرگاکانی دۆزەخ کرانەوە، لەو شەوەدا...**

**کۆڕس:**

**لەو شەوەدا.. لەو شەوەدا.. لەو شەوەدا...**

**یۆناس:**

لەو شەوەدا، دەرگاكانی دۆزەخ ...

**تیسارگۆ:**

دەرگاكانی دۆزەخ كرانەوە...

**كۆڕس:**

دەرگاكانی دۆزەخ ...

**رفقه:**

كاتی داخستنیان هاتووە!

**ئادریانا:**

دەرگاكان

كاتی داخستنیان هاتووە!

**كۆرس:**

دەرگاكان،

دەرگاكانی دۆزەخ كرانەوە،

با سەر لە نوێ دایانبخەین!

دەرگاكانی دۆزەخ،

**با سەر لە نوێ دایانبخەین!**

**( لەو کاتەی کۆڕسەکە دووا رستەکانی دووبارە دەکاتەوە، تیسارگۆ دوور دەکەوێتەوە، وەک چۆن لە کۆتایی دیمەنی یەکەم روویدا، رفقەش دەبێت بە بینەرێکی بێدەنگ، کەچی یۆناس و ئادریانا لە کەش هەوایەکی پاک و پڕ لە خۆشەویستیدا چاویان بە یەکدی دەکەوێ.. پاش بێدەنگی بەم وشانە گفتۆگۆ لە نێوانیاندا دەستپێدەکات).**

**یۆناس :**

**دایکە، بمبوورە، من خیانتم لێکردی!**
**دڕندەکە لە پێشی چاوم بوو،**
**خۆزەکە بمتوانیبا سزای تاوانەکانی لێبسەنمەوە،**
**لە سەر لێواری هەڵدێرێک بوو،**
**دەمتوانی بە پاڵدانێک**
**لە ژیانەوە بەرەو مەرگ رەوانەیکەم،**
**تەنیا جارێ پاڵی پێوە بنێم، بەس بوو**
**کەچی غیرەت خۆی لێشاردمەوە!**

**( پاش ماوەیەک ).**

**دیاربوو بینایی نەمابوو، ئەرێ تۆ دەتزانی؟**
**رووی تێکردم.**

**( یۆناس لاسایی تیسارگۆ دەکات)**

**لێم نزیک کەوتەوە**
**بە هەردوو دەستی بۆم دەگەڕا،**
**منیش لە دەستی هەڵاتم.**
**دەمتوانی بیکوژم،**
**جەستەی، بەبێ جوڵە لە پێشمدابوو**
**دەمتوانی بە ئاسانی دەستی لێبوەشێنم و**
**پارچە پارچەی بکەم،**
**کەچی غیرەت خۆی لێشاردمەوە،**
**منیش هەڵاتم.**
**دایکە، بمبوورە!**

**(ئادریانا لە جێی خۆی نابزوێ و تەماشای کوڕەکەشی ناکات، پرسیارەکانی بە شێوەیەکی کورت لێ دەکات دڵنەوایشی ناکاتەوە ).**

**ئادریانا:**
**ئەگەر نابینا نەبوایە، دەتکوشت؟**

**یۆناس:**
**نازانم .. رەنگە ...**

**دەمتوانی ڕاستەوخۆ بیکوژم،**
**بەڵام نەمدەویست لە پشتەوە بەنامەردی بیکوژم،**
**بۆیە داوام لێیکرد رووم تێبکات،**
**بەڵام کە چاوم بە چاوە کوژاوەکانی کەوت،**
**پەشیمانی دایگرتم .**

**ئادریانا:**
**قسەت لەگەڵدا کرد؟**

**یۆناس:**
**پێمگوت: من کێم؟**
**هەروەها بۆ چی دەبێ ئەو بمرێ،**

**ئادریانا:**
**بەڵام نەتتوانی**
**بیکوژی...**

**یۆناس:**
**باوەڕ بکە، من بڕیاری کوشتنیم دابوو!**

**ئادریانا:**

**( بەبێ ئەوەی تەماشـــای کوڕەکەی بکات**
**.)**

**ئەو پیاوە موستەحەقی کوشتن بوو..**

**یۆناس:**

**دەزانم، دایە گیان، بمبەخشە!**

**من خیانەتم لێکردی!**

**ئادریانا:**

**( لە سەرەخۆ ئاوڕ دەداتەوە و بە روونی دەڵێت ).**

**ئەو پیاوە موستەحەقی کوشتن بوو..**

**یۆناس :**

**کەچی غیرەت خۆی لێشاردمەوە،**

**بمبەخشە!**

**ئادریانا:**

**(بە گرژیی دەستی خۆی هەڵدەبڕی و کوڕەکەی بێدەنگ دەکات).**

**ئەو پیاوە حەق بوو بکوژرێ..**

**بەڵام کوڕەکەم..**

**تۆحەقت نییە بیکوژی.**

نه لە پێش لە دایکبوونت و نە لە پاشیدا،
لەو رۆژەوە چاوت بەم دونیایە کردۆتەوە
پرسیار دەکەم
تۆ بڵێی رۆژێک کوڕەکەم بتوانی کەسێک بکوژێت.
نەمدەتوانی چاو لە جوڵەکانت و
تەماشا کردنە قوڵەکانت نەکەم
گوهداری قیژەکانت نەبم
دەبووا بزانم
ئەو خوێنەی لە رەگتدا دەسوڕێ،
خوێنی بکوژێکە!
یان خوێنی منە؟
لەو کاتەی هەموو دەوروبەرم
نیگەران و دوودڵ دەبوون،
هەوڵمدەدا زیاتر باوەڕ بە خۆم بێنم
کە خوێن بێ لایەن و لاڵە
خوێن بڕیار نادات،
ئەوەندە بەسە
کە خۆشەویستی خۆمت پێشکەش بکەم
ئامۆژگاری رێگای راستت بکەم،
بۆ ئەوەی خۆشەویست و نەترس و راستگۆ بیت.

**وەلێ ئازاری گومان**
**هەمیشە بە دوامەوە بوو.**
**ئەو پرسیارەش هەمیشە لە خەیاڵمدا دەزرینگایەوە:**
**گەر رۆژگارێک تۆ چەک هەڵگری**
**لە بەرامبەر ئەو پیاوەی رقت لێیەتی،**
**لە بەرامبەر پیاوێک موستەحەقی گەورەترین سزایە**
**ئایا دەیکوژیت؟**
**یان لە کاتی خۆیدا پاشەکشە دەکەی؟**
**(پاش ساتە وەختێک).**

**ئەگەر تۆ بەڕاستی کوڕی ئەو پیاوە بایت،**
**سڵت نەدەکرد و دەتکوشت!**
**ئەمڕۆ پرسیارەکەم وەڵامی درایەوە:**
**ئەو کاتەی خوێنی ئەو بکوژە**
**تێکەڵ بە خوێنی من بوو.**
**ئیمڕۆ لێی پاک بوومەوە.**
**ئەمڕۆ ئەو ژیانەم بۆ گەڕایەوە**

**که وام دەزانی دۆڕاندوومە..**
**یۆناس ئێمە تۆڵەی خۆمان نەسەندەوە،**
**بەڵام توانیمان خۆمان رزگار بکەین.**
**وەرە پێشێ، ئاوێزانمبە!**
**پێویستم بەوەیە**
**لەسەر شانی پیاوێک**
**بۆ ساتێک .. پشوو بدەم.**

**( پەردە دێتە خوارەوە ).**

**ئەم کتێبە**
پێشکەشە بەکوڕە جوانەکەم (سەراب)